رۆژی دوایی لە ژێر رۆشنایی
قورئان و سوننەتدا
زنجیرەی( ١ )

# نیشانە بچوکەکانی
# رِۆژی دوایی

نوسینی
یوسف بن عبدالله بن یوسف الوابل

وەرگێڕان و کورتکردنەوەی
حەمزە بەرزنجی

بسم الله الرحمن الرحيم

**نوسینەکانی وەرگێڕ لەم سایتەدا بخوێنەرەوە:**

http://barzngy.kurdblogger.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن والاه...**

**ڕۆژی دوایی ڕاستییەکی قورئانییەو لە بیرخۆبردنەوە و خۆگیل کردن لە ئاستیدا مایەی ناڕەحەتی دنیاییو لەکیس چوونی قیامەتیکی نەبراوەیە، وەیەکێکە لە پایە بلندو پتەوەکانی ئیمان، کە بەبێ بوونی ئیمان بەم بەشە گرنگە مرۆڤ هەست بە بەڕەلایی دەکات وچاودێری نامینێ بەسەر خۆیداو جڵەوی دەداتە دەستی نەفسی سەرشێت و چاوبرسی. لەبەر ئەوە پێم باش بوو ئەم لایەنە گرنگە موسڵمانانی کوردی لێ ئاشنا بکەم و لەم زنجیرە بابەتەی (ڕۆژی دوایی لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا ) پێش کەش بکەم کە پێك هاتوە لە سێ زنجیرە: (نیشانە بچووکەکانی ڕۆژی دوایی) و (نیشانە گەورەکانی ڕۆژی دوایی)و لەگەڵ (قیامەتی گەورەو نارەحەتییەکانی)، جا ئەمەش زنجیرەی یەکەمەو باس لەو نیشانە بچوکانە دەکات کە لەبەردەم قیامەتدان و زۆربەیان ڕوویداوەو بەردەوام ڕوودەدات تا تێکچوونی شیرازەی بونەوەرو لەناوچوونی. ئەمیش لە کتێبی (أشراط الساعة) وەرم گرتووە کە لەلایەن (یوسف بن عبدالله بن یوسف الوابل)ەوە دانراوە کە لەسەر ئەمە پلەی ماجستێری وەرگرتوە بە پلەی نایاب لە مانگی محرم ساڵی١٤٠٤ك، لە زانكۆی (أم القرى) كلية الشريعة/فرع العقيدة.. وەمنیش وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە کەمێك کورت کردنەوەو ڕونکردنەوەی پێویست. داواکارم لە خوا بیکاتە چاکەیەك لە چاکە کەمەکانم. وە هاتنەدی ئەم نیشانانە بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆییو ئەمینی پێغەمبەر(ﷺ) لە گەیاندی پەیامەکەیدا. بەشێوەیەك هاوەڵەکانی لێ ئاگادارکردۆتەوە لە هەموو ئاشوبەو فیتنەیەك. ئەوەتا حوزەیفە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتارێکی بۆداین هیچ شتێکی بەجێ نەهێشت تاهەستانی قیامەت ئیلاباسی کرد. ئەوەی لەبەری کرد لەبەری کردو ئەوەی بیری چۆوە بیری چوویەوە، وە کە دەگەم بەشتێك کە**

بیرم چوبێتەوەو پێغەمبەر(ﷺ) باسی کردبێت، ئەیناسمەوە هەروەکو چۆن پیاوێك پیاوێك ئەناسێتەوە کاتێك لێی دوورکەوتبێتەوەو دوایی بیبینێتەوە).البخاری (١١/٤٩٤–مع الفتح) ومسلم (١٨/١٥–مع شرح النووی)..

وەڕۆژێکی تەواو پێغەمبەر(ﷺ) ووتاری‌دا بۆهاوەڵان تا ئاگاداریان بکاتەوە لێی: ئەبو زەید عمروی کوڕی ئەختەبی ئەنساری(رەزای خوای لێ بێت)فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بەیانی پێ کردین و سەرکەوتە سەر مینبەر ووتاری بۆ داین تانیوەڕۆ هات، ئەوجا نوێژی بۆکردین و پاشان سەرکەوتە سەر مینبەر ووتاری بۆ داین هەتا عەسر هات، پاشان نوێژی کرد، پاشان سەرکەوتەوەو ووتاری بۆ داین تا ڕۆژ ئاوابوو، هەواڵی داینێ بەهەموو ئەوشتانەی کە هەیە. شارەزاترینمان ئەوەمانە کە زۆری لێ لەبەر کردوە).مسلم (١٨/١٦–مع الشرح النووی ).

وە زانایان زۆر کتێبیان لەسەر ئەم نیشانانە نوسیووەو بە چەند جۆرێك پۆلێنیان کردووە: هەندێکیان کردوویانە بە سێ بەشەوە بەم جۆرە:

ئەو نیشانانەی ڕوویداوە، وە ئەوانەی ئێستا ڕوودەدەن، وە ئەو نیشانانەی کە هێشتا نەهاتوونەتەدی‌و ڕوویان نەداوە...بەلاّم لەمەشدا لەسەر هەندێك نیشانەیان سووکە جیاوازی‌یەکیان هەیە لە مەسەلەی ڕوودان و ڕوونەدانیدا.

وە هەرکەس ئارەزوی زیاتر شارەزایی هەیە با بگەڕێتەوە بۆسەرچاوەکان.

خوای گەورە یارمەتی دەری هەموو موسڵمانێك بێت لە کاری خەیرداو کارمان بۆئاسان بکات و لەو ئاشوبانە بمانپارێزێ کە لەبەردەم قیامەتدایە.

حەمزە بەرزنجی

١٤١٨ی کۆچی

## ١- هاتنی پێغەمبەری خوا(ﷺ):

لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)فەرمووی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (بعثت أناوالساعة كهاتين).قال: وضم السبابة والوسطى).مسلم(١٨/٨٩-٩٠)..

واتە: من نێردرام لەگەڵ قیامەتدا بەم جۆرە. فەرمووی پەنجەی شایەتومان و ناوەڕاستی دا لەیەك .

چونكە دوای هاتنی ئەم و پێش قیامەت پێغەمبەری تر نیە.

## ٢- مردنی پێغەمبەری خوا(ﷺ):

عن عوف بن مالك (رضي الله عنه)-قال: قال رسوالله(ﷺ): (اعدد ستاً بين يدي الساعة: موتي.....)البخاری(٦/٢٧٧)..

واتە: شەش نیشانە بژمێرە پێش قیامەت: مردنی خۆم ......

## ٣- فەتح كردنی (بيت المقدس):

عن عوف بن مالك (رضي الله عنه) -أنه قال: قال رسوالله(ﷺ): (اعدد ستاً بين يدي الساعة: ......فذكر منها : فتح بيت المقدس) البخاری(٦/٢٧٧).

واتە: شەش نیشانە بژمێرە لەبەردەم قیامەتدا: لەوانە.... فەتح كردنی بيت المقدس.

ئەمەش لەسەردەمی عومەری كوری خەتابدا فەتحی (بيت المقدس )ی كرد لە ساڵی ١٦ی كۆچیدا. عومەر خۆی چوو لەگەڵ خەڵكەكەدا ڕێكەوت و فەتحی كردو لە جولەكەو گاور پاكی كردەوەو مزگەوتێكی تێدا دروست كرد.....البداية والنهاية ٧/٥٥-٥٧

## ٤- طاعونی (عەمواس):

عـەمواس شـارێکە لـە فەلەسـتین. ئـەم شـارە شـەش میـل لـە (الرملـە)ەوە دوورە لەسـەر رێگـای بیـت المقـدس. پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویـەتی: شـەش نیـشانە بژمێرە لە پێش قیامەتدا لەوانە(...ثم موتان یاُخذ فیکم کقعاص الغنم). البخاری ٦/٢٧٧.

واتـە: مردنێکـی زۆرو بـە کۆمـەڵ تیاتانـدا ڕوو دەدات وەکـو دەردی (قعـاص)ی مەڕو ماڵات. کە نەخۆشییەکە تووشی گیانلەبەر دەبێت شتێك لـە لووتییـەوە دێتە دەرەوەو لە پڕ دەمرێ.

ابـن حجـر دەفـەرموێت: (ئـەڵێن ئـەم نیـشانەیە لـە عـەمواس دە رکـە وت لـە خیلافەتی عومەردا، ئەمەش لە دوای فەتحی بیت المقدس ڕوویدا). فتح الباری ٦/٢٧٨

ئەمـە لـە سـاڵی ١٨ی کۆچـیدا ڕوویـدا لـە سـەر ڕای جمهـوری زانایـان لـە عەمواس و پاشان لە شامدا بڵاوبویەوە. زۆر کەس لە هاوەڵان و غـەیری ئـەوان مـردن. ئـە ڵـێن ژمـارەی مردووەکـان گەیـشتە (٢٥ هـەزار) موسـڵمان، لەوانـە (أبوعبیـدە عـامر بـن الجـراح)ی ئـەمینی ئـەم ئوممەتـە بـوو (ڕەزای خـوای لێ بێت).معجم البلدان ٤/١٥٧-١٥٨، والبدایة والنهایة ٧/٩٤.

## ٥- زۆربوون و بڵاوبوونەوەی سامان و وەرنەگرتنی خێرو زەکات:

عن أبی هریـرة (رضـي الله عنـه) أن رسـوالله(ﷺ) قـال: ( لا تقـوم الـساعة حتـی یکثر فیکم المال، فیفیض حتی یهم رب المـال مـن یقبلـه منـه صـدقة. ویدعــی علیه الرجل. فیقول: لا أرب لي فیه). البخاری ١٣/٨١-٨٢. ومسلم ٧/٩٧.

واتـە: قیامـەت هـە ڵناسـێ هـەتا سـامان لـە ناوتانـا زۆر دە بێـت و لێ ی دەڕژێ. هەتا وای لێ دێت خاوەن سـامان هـاوار دە کـات تـا کەسـێك خێـری لێ وەرگـڕێ، وەکابرایەك بانگ دەکات بۆی ئەویش دە ڵێت: پێویستم پێ ی نییە.

وە دەفـەرموێت: (ليـأتين علـى النـاس زمـان يطـوف الرجـل فيـه بالـصدقة مـن الذهب ثم لايجد احدا يأخذها منه).مسلم ٩٦/٧.

واتە: زەمانێك دێت بەسەر خەڵكيدا كە پياو بە سەدەقەی ئاڵتونەوە دەگەڕێ تا كەسێ لێی وەرگرێت و كە سی دەست ناكەوێت كە لێی وەرگرێت.

ئەمـەش لـە سـەردەمی عومـەری كوڕی عبدالعزيزدا ڕووی‌دا، لـە كـاتی گرتنـی مـاڵی فـارس و ڕۆمەكانـدا كـە كـەس پـارەی وەرنـەدەگرت. وەهـەروەها ئەمـەش ئيشارەتە بۆ زەمانی مەهدیو عيسـی كە ماڵ و سامان زۆر دەبێـت. والله اعلـم/ فتح الباری ١٣/٨٧-٨٨

عن أ بي هريـرة (رضـي الله عنـه) قـال: قـال رسـوالله(ﷺ): تقـيء الارض أفـلاذ كبدها أمثال الاسطوان من الذهب والفضة ). قال:(فيجيء القاتل فيقول:في هـذا قتلت. ويجيء القاطع فيقول: في هذا قطعت رحمـي. ويجـيء الـسارق فيقـول: في هذا قطعت يدي. ثم يدعونه فلا يأخذن منه شيئا ).مسلم ٩٨/١٥. وانظر فتح الباري ٨٨/١٣.

واتـە: زەوی كـانزای نـاوسـكی خـۆی فـڕێ دەدات لـە ئـاڵتوون و زيـو بـە وێنـەی عەموود. فە رمووی: جا پياوكوژ دێت و دە ڵێ: لـە بەرئەمـە خـە ڵكم كوشـت، وە بەزەيی پچڕێن دێت و دەفەرموێت: لەبەر ئەمە قـەتعی سيلەی ڕەحمـم كـرد. وە دز دێـت ودەفـەرموێت: لەبـەر ئەمـە دەسـتم بـڕا، پاشـان بانگيـان دەكـەن بـۆ ئەوەی ببيبەن كەچی هيچی لێ هە ڵناگرن.

ابن حجر دەفەرموێت: ئەگونجێ ئەمە لـە كـاتی دەركـەوتنی دۆزەخ و سـەرقاڵی بوونی خەڵكەوە بێ لە مەحشەردا، بەڵام ئەمە ئەوەش دەگەيەنێ كە لـە زەمـانی مەهدی و عيسیدا بێت و لە هەردوو زەمانەكەدا ڕوو دەدات بە هۆی دوو هـۆی جياواز، والله أعلم.

## ٦- دەركەوتنی ئاشوبەكان( الفتن ):

(الفتن) كۆی فتنەیە، واتە: تاقیكردنەوە، پاشان ناونراوە لە تاقی كردنەوە بە ناخۆشی، پاشان ئەم ناوە نرا لە ناخۆشیو خراپەی وەكو تاوان و كوفرو كوشتارو غەیری ئەمانە لە شتی ناخۆش.

عن أبي هريرة (رضي الله عنه)أن رسول الله(ﷺ)قال: ( بادروا بالأعمال فتنا كقطع الليل المظلم. يصبح الرجلّ مؤمنا ويمسي كافرا. أو يمسي مؤمنا ويصبح كافرا. يبيعّ دينهّ بعرض من الدنيا).مسلم ١٣٣/٢.

واتە: كردەوە پێش بخەن پێش هاتنی گەلە ئاشوبێك كە وەكو تاریكایی شەوی تاریكە، كە تیایدا پیاو بەیانی ئیماندارەو ئێوارە كافرە، یان ئێوارە ئیماندارەو بەیانی كافرە. دینەكەی دەفرۆشێ بە كەمێك لە دونیا.

لە ئە بی موسی الاشعریيەوە (ڕزای خوای لێ بێت) فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (لەبەردەم قیامەتدا ئاشوبە هەیە، وەكو شەپۆلی شەوی تاریك، پیاو تیایدا بەیانی بروادارەو ئێوارە بێ بڕوا دە بێو ئێوارە بڕوارەو بەیانی بێ بڕوا دەبێ، دانیشوو چاكترە لەوەی بە پێوەیەو ئەوەی بەپێوەیە باشترە تیایدا لە پیادەو پیادە باشترە تیایدا لە هەوڵدەر بۆ ئاشوبە كە. ئەو كاتەش ئێوە كەوانەكانتان بشكێنن و تاڵی كەوانەكانتان بپچڕن و شمشێرەكانتان بە بەرد بشكێنن. وە ئەگەر كە سێك هاتە ژوورەوە بۆت (بتكوژێت) باوەكو چاكترینی دوو كورەكەی ئادەم بیت). مسند الامام احمد ٤٠٨/٤. وسنن ابی داود ٣٣٧/١١ وسنن ابن ماجه ١٣١٠/٢ ومستدرك الحاكم ٤٤٠/٤ وقال: (هذا حديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه) وسكت عنه الذهبي والحديث صححه الالباني أنظر (صحيح الجامع الصغير )١٩٣/٢(٢٠٤٥).

وە لەم كاتانەدا هەر جارێ فیتنەیەك دەردەكەوێ بڕوادار دەڵێ ئەمە تیاچونی منە، پاشان لادەچێو دانەیەكی تر دەردە كە وێت و دە ڵێ: ئە مە ...ئە مە ... تیاچوونی منی تێدایە.

چارەسەری ئەمەش بە ئیمان بەخواو ڕۆژی دوایی‌و پە یوە ست بوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە دە بێ- ئەگەرچی کەمیش بوون- ئە وانیش بریتین لە ئەهلی سوونەت. وە دوورکەوتنەوە لە فیتنەو پە ناگرتن بە خوا لیٚ‌ی وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (پەنا بگرن بەخوا لەو فیتنەیەی کە دیارەو ئەوەشی کە پەنهانە).مسلم ۲۰۲/۱۷.

**لەو فیتنەو ئاشوبانەش:**

أ- دەرکەوتنی فیتنە لە ڕۆژ هەڵاتەوە: عن أبن عمر (رضی الله عنهما) أنە سمع رسول الله (ﷺ) وهو مستقبل الشرق یقول: (الا ان الفتنة ها هنا. الا ان الفتنة ها هنا، من حیث یطلع قرن الشیطان).البخاری (۴۵/۱۳)ومسلم (۳۱/۱۸).

واتە: لە ابن عمرەوە فەرمویە تی: کە گوێ‌ی لە پێغەمبەر بووە(ﷺ) لە کاتێکدا ڕووی کردۆتە ڕۆژهەڵات و

فەرموویەتی: فیتنەو ئاشووب لێرەوەیە .فیتنە لێرەوەیە. لێرەوە کە شاخی شەیتان دەردەکەوێ.

ابن حجر دەفەرموێت: (یەکەم فیتنە سەرچاوەکەی لە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە بووە، وەئەمەش بووە هۆی ناکۆکی نێوان موسڵمانان، وە ئەمەشە کە شەیتان پێی خۆشەو دڵخۆش دەبێ پێی. وەهەروەها بیدعەش هەر لەوێوە بوو دەرکەوت) فتح الباری (۴۷/۱۳) .

هەر لە عێراقەوە کە لە ڕووی ڕۆژهەڵاتدایە ئەمانە دەرکەوتن: ( الخوارج - الروافض -الباطنیة -القدریة -الجهمیة -المعتزلة-... )

ئەمانەش لە ڕووی فورسی ئاگرپەرستنەوە دەرکەوتن لە ڕۆژهەڵات: (الزردشتیە-المانویە-المزدکیە-الهندوسیە-البودیە-القادیانیە-البهائیە...)

**وه دەركـەوتنی تـەتار لـە چـەرخی (١٧)ی كۆچـیدا لەڕۆژهەڵاتـەوه بـوو كـە كوشـتارێكی زۆر لەسـەردە سـتیان ڕووی‌ـدا. وه شـیوعی چـەقەكەی ڕوسـیاو صین بوو كه له ڕۆژهەڵاتدان، وه دەجالیش له ڕۆژ هەڵاتەوه دەركەوێت.**

**ب- كـوژرانی عوسمـانی كـوڕی عفـان(رەزای خـوای لێ بێـت): ئەمـەش دوای كـوژرانی عومـەر(رەزای خـوای لێ بێـت) فیتنـەی گـەوره سـەری هەڵـداو بـانگخوازانی ئاشـووب دەركـەوتن لەوانـەی كـە ئیمانیـان نەچەسـپابوو وه لـە دووڕووەكان، چونكه عومەر(رەزای خوای لێ بێت) دەرگایـەكی قایم بـوو كاتـێ شـكاو وەفـاتی كـرد فیتنـە سـەری هەڵدا. لەحوزەیفـەوه(ڕەزای خـوای لێ بێت) عومـەری كـوڕی خـەتاب(رەزای خـوای لێ بێـت) فـەرموی: (كامتـان ووتـەی پێغەمبـەرتان(ﷺ) لەبـەره دەربـارەی فیتنـەو ئاشـووبە؟حوزەیفه فـەرموی: مـن چـۆن فەرمویـەتی ئاوەهـا لەبەرمـە ، ووتـی: بیلّـیٰ بـە ڕاسـتی بـە جورئـەتی؟ پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمویـەتی: فیتنـەی پیـاو لـە نـاو كـەس وكـاری و مـالْ و دراوسـێی نوێـژو خێـرو فـەرمان كـردن بـە چاكەو نـەهی كـردن لـە خراپەكـەی دەیسرێتەوه) ووتی: ئەوه نالْێم، بەڵكو ئەوەی كـه وەكو شەپۆلی دەریا دێت. ووتـی: ئـەی ئـەمیری بـرواداران تـۆ خـەمت نـەبێت لێـی، لـە نێـوان تـۆو ئـەو فیتنەیـەدا دەرگایـەك هەیـە داخـراوه، فـەرمووی: ئایا ئـەو دەرگایـە دەكرێتـەوه یـان دەشكێ؟ فـەرمووی: نـەخێر بەڵكو دەشكێ.. فـەرموی: ئەمـە ناخۆشـتره، چونكه ئەگەر شكا جارێكی تـر داناخرێتـەوه. ووتمـان: ئایـا (عومـەر) دەیزانـی دەرگاكه كێیه؟ فەرمووی: بەڵێ هەروەكو چۆن دەزانێ دوای بەیانی شەو دێت، من قسەیەكم بۆ كرد هەڵه نەبوو، ویستمان كه پرسیاری لێ بكـەین وفـەرمانمان بـە (مەسـروق )كـرد پرسـیاری لێ كـردو ووتـی: دەرگاكـە كێیـە؟ فـەرمووی: عومەره).** البخاری (٦/٦٠٣)ومسلم(١٨/١٦-١٧)

وه له عێراق و میصرەوه بۆ ئیمامی عوسمان(ڕەزای خوای لێ بێت) کۆبوونەوه به بیانووی ئەوەی ئەبێ دابڕێنرێت له خیلافەت، چونکه ئەم زاڵمەو هەر بۆیه له ماڵەکەی خۆیدا له مەدینه چوونه ژوورەوه بۆی و شەهیدیان کرد، وه ئەم تاقیکردنەوەیه تایبەت بوو به عوسمان(ڕەزای خوای لێ بێت) به پێی ووتەی پێغەمبەر(ﷺ) که فەرمووبووی: (ائذن له وبشره بالجنة، معها بلاء یصیبه). البخاری(١٣/٤٨).

واته: ڕێی پێبدە بێته ژوورەوەو مژدەی بدەرێ بەبەهەشت، بەڵایەکی لەگەڵه تووشی دەبێ.

وه ئەمەی به ئەبوموسای ئەشعەری فەرموو لەکاتی له دەرگادانی عوسمان(ڕەزای خوای لێ بێت) لەوباخەی که پێغەمبەری(ﷺ) تێدا دانیشتبوو.

ج- شەڕی (الجمل): کاتێ عوسمان(ڕەزای خوای لێ بێت) کوژرا خەڵکی هاتن بۆ لای عەلی(ڕەزای خوای لێ بێت) له مەدینەو ووتیان: دەستت بێنەو بەیعەتت بدەینێ. فەرمووی: با ڕاوێژ بەخەڵکی بکەم، هەندێکیان ووتیان: ئەگەر خەڵکی بگەرێنەوه شارەکانیان به هۆی کوژرانی عوسمانەوه(ڕەزای خوای لێ بێت) کەس لێره نامێنێو دووبەرەکیو فەساد دەقەومێ. وه زۆریان لێ کرد تا قبوڵی کردو بەیعەتیان دایێ، -لەوانه ی بەیعەتیان پێدا(طلحة)و (الزبیر) بوو (ڕەزای خوایان لێ بێت) پاشان چوون بۆ مەککه بۆ عەمره کردن و عائیشەیان پێ گەیشت(ڕەزای خوای لێ بێت). پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر کوژرانی عوسمان ڕوویان کردە(بەسره)، وەداوایان له عەلی کرد که بکوژانی عوسمانیان ته سلیم بکات، وه ئەمەش بۆ سوڵح کردن بوو بەڵام عەلی(ڕەزای خوای لێ بێت) وەڵامی نەدانەوه چونکه چاوەڕوانی کەسوکاری عوسمانی دەکرد که حوکم

بهێننه لایو ئەگەر چەسپا که یەكێك بینراوه عوسمانی كوشتبێ(ڕەزای خوای لێ بێت) تۆڵەی لێ بكاتەوه.

لەبەر ئەوه ئەوانەی كه به بكوژی عوسمان ناوبرابوون كه له عوسمان دەرچوون ترسان كه كۆبنەوه بۆ كوشتنیان بۆیه شەڕیان بەرپاكرد له نێوان هەردوولادا/(فتح الباری )(١٣/٥٩٠٤٥)

ئەمەش پێغەمبەر(ﷺ)هەواڵی داوه كه له نێوان عەلیو عائیشەدا(ڕەزای خوایان لێ بێت) شتێك ڕوودەدا. وه ئەمه شی پێشتر بەعەلی فەرموو بوو.

له ئەبی رافعەوه پێغەمبەری خوا(ﷺ) به عەلی كوڕی ئه بوطالبی فەرموو: له نێوان تۆ و عائیشەدا شتێك ڕوودەدات)، فەرمووی: من ئه ی پێغەمبەری خوا؟! فەرمووی: بەڵێ، فەرمووی: چۆن له كاتێكدا من دۆسترینیانم ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: نەخێر. بەڵام ئەگەر ئەوه ڕوویدا بیگەیەنەرەوه شوێنی ئەمینی خۆی )..مسند الامام أحمد(٦/٣٩٣) والحديث حسن .انظر (فتح الباری)(١٣/٥٥)

بەڵگەش لەسەر ئەوەی كه عائیشەو طلحه و زوبەیر(ڕەزای خوایان لێ بێت) بۆ شەڕ دەرنەچوون بەڵكو بۆ سوڵح له نێوان موسلمانان چوون: له ڕێگای قەیسی كوڕی حازم فەرموی: كاتێ عائیشه (ڕەزای خوای لێ بێ) گەیشته لای هەندێ ماڵی (بنی عامر) سەگ لێی وەڕی، فەرمووی: چ ئاوێكه ئێره؟ ووتیان: (الحوأب)ه (كه شوێنێكه نزیكه له بەصرە له ئاوی عەرەبەكان بوو له نەفامیدا، وه ئەكەوێته سەر ڕێگەی هاتووچۆی مەككەوه بۆ بەصره) فەرمووی: واگومان ئەبەم كه بگەڕێمەوه چاكه. زوبێر فەرمووی پێی: نەخێر ئێستا نا، پێشكەوه تا خەڵكی بتبینن وخوای گەوره نێوانیان چاك بكات به هۆی تۆوه. فەرمووی: واگومان ئەبەم كه بگەڕێمەوه چاكه. له پێغەمبەرم بیستوه(ﷺ) كه فەرموویەتی: (كيف باحداكن اذا نبحتها كلاب الحوأب ) واته: چۆن ئه بێت یەكێك له ئێوه – له خێزانەكانی– كاتێ كه سەگی حەوئەب ڕێی دەوەڕێ) –

واتە: ئای خێزانەکانم وای لەو ڕۆژەی کەوا سەگی حەوئەب بە یەکێتان ئە وەڕێ – مستدرك الحاكم ٣/١٢٠. قال ابن حجر: (سنده على شرط الصحيح ) انظر فتح الباري ٥٥/١٣ وقال الهيثمي: (رواه احمد وأبويعلى والبزار ورجال احمد رجال الصحيح )مجمع الزوائد ٢٣٤/٧ والحديث في مسند الامام احمد ٥٢/٦.

وە لە ڕیوایەتێکی البزار لە ابن عباسەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خێزانەکانی فەرموو: ( أيتكن صاحبة الجمل الادب تخرج حتى تنبحها كلاب الحوأب، يقتل عن يمينها وعن شمالها قتلى كثيرة. وتنجو من بعد ماكادت)فتح الباري ٥٥/١٣ وقال ابن حجر:(رجاله ثقات ) ......وصححه الالبانى انظر (سلسلة) (م ١ /ج٤–ج٥ /٢٢٣–٢٣٣ )حديث رقم (٤٧٥).

واتە: کامتان بن خاوەنی حوشتری (ادب) واتە: حوشترە زۆر دەموچاو توکنەکە، دەردەچێ تا سەگی حەوئەب پێی دەوەڕێ، لە ڕاست و لە چە پیەوە زۆر دەکوژرێ، وە پاش ئەوەی خەریك بوو پێوە بێ ڕزگاری دەبێ.

د– شەڕی ( صفين): جگە لە شەڕی الجمل لە نێوان هاوەڵاندا پێغەمبەر(ﷺ) ئیشارەتی بۆکردوەوفەرموویەتی: ( لاتقوم الساعة حتى تقتتل فئتان عظيمتان يكون بينهما مقتلة عظيمة. دعواهما واحدة) البخارى ٨/١٣ مسلم ١٢/١٨–١٣.

واتە: قیامەت هەڵناسێ تادوو کۆمەڵی گەورە شەڕ دەکەن لەگەڵ یەکتر. کوشتارێکی زۆر گەورە لە نێوانیاندا ڕوودەدات، بانگەوازیان یەکە.

ئەو دوو کۆمەڵەش کۆمەڵی عەلی (ڕەزای خوای لێ بێت)و ئەوانەی لەگەڵی بوون، وە کۆمەڵی معاويە(ڕەزای خوای لێ بێت)و ئەوانەی لەگەڵی بوون بوو. وەکو الحافظ ابن حجر باسی دەکات لە (فتح البارى )٨٥/١٣.

البزار گێڕاویەتیەوە بەسەنەدێکی جید لە زەیدی کوڕی وەهب فەرمووی: (ئێمە لەلای حوزەیفەدا بووین فەرمووی: ئێوە حاڵتان چۆن بێت کاتێت خاوەنی دینەکانتان دەردەچن و دەدەن لە دەموچاوی یەکتری بە شمشێر؟ ووتیان: فەرمانمان بەچی پێ دەکەیت وچی بکەین ؟ فەرمووی: تەماشای ئەو

کۆمەڵە بکەن کە بانگەوازی بابەتەکەی علی دەکات  وە پابەندی بن چونکە بێ گومان ئەو لە سەر هەقە/ ( فتح الباری ١٣/٨٥).

وەئەم جەنگە گەورەیە لە (صفین )کە شوێنێکە لەلای کەناری فوراتدا لەلای ڕۆژئاواوە نزیک (الرقە)یەو کۆتایی شوێنی عیراق و یەکەم زەوی شامە. لەمانگی ذي الحجة ساڵی (٣٦)ی کۆچی ڕوی‌داو زیاد لە (٧٠) تێك ڕژان ڕووی داو نزیکەی (٧٠)هەزار لە هەردوولا کوژرا. وەئەمەش نە عەلیو نە موعاویە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ویستیان لێی نەبوو، بەڵکو لە ناو هەردوو سوپاکەدا خاوەن ئارەزووی تێدابوو هەوڵی شەڕیان دەدا. تاوای لێ هات لە دەستی عەلی ومعاویەدا دەرچوو.

شیخ الاسلام ( ابن تیمیە ) دەفەرموێت: (زۆربەی ئەوانەی شەڕیان هەڵبژاردبوو لە هەردوولا نەگوێڕایەڵی عەلیان دەکرد نە موعاویە. وە عەلی و موعاویە زۆر داوای شەڕ وەستانیان دەکرد لەبەر زۆری کوژراوەکان، بەڵام کە ئاشوبە گەورە بوو کاربەدەستان ناتوانن ئاگرەکە بکوژێننەوە. وە لەوانەی تیایاندابوونمونەی (الاشتر النخعی و هاشم بن عتبە المرقال وعبدالرحمن بن خالد بن الولیدوأبی الاعور السلمی)بوو کە هاوەڵان بوون کە سووربوون لەسەر شەڕ. هەندێکیان هەوڵی سەرخستنی عوسمانیان ئەدا بەهەموو شێوەیەك و هەندێکی تر لێی هەڵدەهاتن، وە هەندێك عەلیان سەردەخست و هەندێکی تر لێی هەڵدەهاتن. پاشان شەڕی کۆمەڵی موعاویە تایبەت بۆ موعاویە نەبوو، بڵکو لەبەر هۆکاری تر بوو. کوشتاری فیتنە وەك کوشتاری نەفامیە. مەبەست وبیروباوەڕی خاوەنانی ڕێك ناکەوێ  هەروەك (الزهری )دەفەرموێت: فیتنە قەوماو هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ)زۆرو بڵاو بوون وەکۆبوونەوە لەسەر ئەوەی کە هەموو خوێن  یان ماڵ یان ناموسێك بەر بکەوێت بە هۆی تەئویلی قورئانەوە ئەوە بەزایەچووە.. ئەمەیان دابەزاندوە بۆ پلەی نەفامێتی ) منهاج السنە لابن تیمیە ٢/٢٢٤.

ه- دەرکـەوتنی الخـوارج: سـەرەتای دەرکـەوتنیان دوای تـەواوبونی شـەڕی (صـفين)وڕێکـەوتنی خـەڵکی عیراق و شام بـوو لەسـەر حـوکم کـردن لـه نێـوان هەردوولادا. وه لە کاتی گەڕانەوەی (عەلی) بۆ کوفه خەواریج لێی جیابوونـەوه – کە لە سوپاکەیدا بوون – وه دابەزینه شوێنێك کە پێی ئەوترا (حـەروراء) کە گوندێکه دوو میل له کوفـەوه دووره، وه بـەهۆی ئەمەشـەوەیه پێیـان دەوترێت (حرورية) و ژمارەیـان ئەگەیشتە (٨) وه وتـراوه کـه (١٦) هـەزاربوون. (عـەلی) ابـن عباسـی نـارد(رەزای خوایـان لێ بێـت) بۆلایـان و قسەی لـه گـەڵ کـردن و هەندێکیان لە گەڵی گەڕانەوەو هاتنه ژێر تاعـەتی عـەلی، لـه نـاو خواریجدا بلاو بويـەوه کـه عـەلی پەشـیمان بۆتـەوه لـه حـوکم کردنەکـەی، بۆیـه هەنـدێکیان گەڕانەوە ژێر گوێڕایەلی عەلی(رەزای خوای لێ بێت)، وه ئەویش(رەزای خـوای لێ بێـت) ووتـارێکی بـۆدان لەمزگـەوتی کوفـەدا. لـه چـواردەوری مزگەوتەکـەوه هاواریـان ئـەکرد: (لاحکـم الا لله) حـوکم نیـه تـەنها بـۆ خـوا نـەبێ. وه وتیـان: هاوبەشـت بۆخـوا پەیـداکردوەو بـه پیاوحوکمـت کـردوەو بـه قورئـان حوکمـت نـەکردوه. عـەلی(رەزای خـوای لێ بێـت) پێـی وتـن: سێشـت هەیـه بـۆ ئێـوه لەسـەرمان: ڕێـی مزگـەوتتان لێ نـاگرین. وه ڕێـی غەنیمـەت بەرکـەوتنتان لێ نـاگرین کـێ بەشـیدان. وه دەسـت پێشـخەری شـەڕتان لـه گـەڵ ناکـەین مـادام فەساد نەنێنەوه.

پاشـان کۆبوونـەوەو هـەر موسـڵمانێك بە لایانـدا تـێ بپەڕیایه ئەیانکوشـت، وه عبـدالله ی کـوڕی خـەبابی کـوری ئـەرەت وخێزانەکـەی بەلایانـدا تـێ پـەڕین و ئـەوانیش کوشـتنیان و سـکی ژنەکـەیان هەڵـدڕی لـه کاتێکـدا منداڵی لـه سـکدا بـوو. کاتـێ أمیرالمـؤمنین (امـامی عـەلی) (رەزای خـوای لێ بێـت)بەمـەی زانـی وه پرسیاری لێکردن کە کێ کوشتنی؟ ووتیان: هەموومان کوشتمانن.

بۆیە امامی عەلی(رەزای خوای لێ بێت) خۆی ئامادەکرد بـۆ شـەڕو لـه شـەڕێکی گەرمی بەناوبانگدا پێان گەیشت له (النهروان)کە نزیکه لـه بەغـدادو بـه خراپـی

شكاندنی و كەمێكیان نەبێت دەربازیان نەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) باسی ئەمانەی كردوە كە دەردەكەون والحافظ (ابن كثير) زیاد لە (٣٠) فەرموودەی هێناوە لەسەریان كە لە (الصحاح والسنن والمسانيد)دا هاتوە. لەوانە:

لە ئەبو سەعیدی خودری‌یەوە: كاتێك پرسیاری لێ كرا دەربارەی الحرورية؟ فەرموی: نازانم الحرورية چیە؟ لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستوە كە فەرمویەتی: لەم ئوممەتەدا – نەیفەرمو تیایدا– گەلێك دەردەچن

ئێوە بە خیلی بە نوێژەكانیان دەبەن لەچاو نوێژەكانتاندا. وە قورئان دەخوێنن و لە قورگیان بەرز نابێتەوە، لە دین دەردەچن وەك چۆن تیر لەكەوان دەردەچێ). البخاري ٢٨٣/١٢.

وە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی بە كوشتنیان كردوە، عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەر بوو(ﷺ) دەیفەرموو: (لە ئاخر زەماندا گەلێك پەیدادەبن تەمەنیان كەمەو گەنجن و نەفام وكەم ژیرین، بەڵام قسەكانیان لە چاكترینی قسەی خەڵكە. ئیمانیان لە قورگیان بەرز نابێتەوە، لە دین دەردەچن وەكو چۆن تیر لە كەوان دەدەچێت....( فأينما لقيتموهم فاقتلوهم فإن في قتلهم لأجرا لمن قتلهم يوم القيامة)البخاري (٢٨٣/١٢)ومسلم (٧ / ١٦٩).

واتە: لە هەر شوێنێك پێان گەیشتن بیانكوژن، چونكە لە كوشتنیاندا پاداشت هەیە بۆ بكوژانیان لە ڕۆژی دوای دا.

بوخاری دەفەرموێت: (ابن عمر(ڕەزای خوای لێ بێت) خەوارجی بە خراپترینی خەڵكی دەزانیو دەیفەرموو: ئەوان ئایەتانێ لە سەر كافران دابەزیون بە سەر ئیمانداراندا دەیانشكاندەوە) البخاري (٢٨٢/١٢) وقال ابن حجر: سنده صحيح (فتح الباري) (٢٨٦/١٢)

وە ابن حجر دەفەرموێت: ( بەڵا بەسەریاندا گەورە بووبوو وە بیروباوەڕە پیسەكەیان بڵاوبووبووەوە، ڕەجمی ژن و پیاوی زیناكەریان هەڵگرتبوو. دەستی دزیان لە بن باڵیەوە دەبڕی، وە نوێژیان لەسەر ئافرەتی حەیزدار

واجب کردبوو لەکاتی حەیزدا، وە هەرکەس وازی لەفەرمان کردن بەچاکەو بەرگری کردن لە خراپە بهێنایەو توانای هەبوایە بە کافریان دەزانیو ئەگەر توانای نەبوایە ئەیانووت (گووناهی گەورە)ی کردوە، وەحوکمی گوناهی گەورە لای ئەوان حوکمی کافری هەیە، وە وازیان لەماڵی(اهلی ذمة)و پێووتنیان هێنابوو بەتەواوی، وەخەڵکی لایەنگری ئیسلامیان ئەزیەت دەدا بە کوشتن و گرتن وتالانی کردنی ماڵیان./(فتح الباری١٢/٢٨٥)

وە ئەم کۆمەڵە بەردەوام دەردەکەون تا دەجال بە ئەخیر کە سیان دەگات./ سنن ابن ماجه (٦١/١) (ح ١٧٤) والحديث حسن أنظر (ص.ج.ص ) (٣٦٢/٦) (ح ٨٠٢٧) للألباني.

و- شەڕی (الحرة): ئەم جەنگە لە نێوان خەڵکی مەدینەو سوپاکەی (یەزیدی کوڕی معاویە)دا ڕووی دا لە ساڵی (٦٣)ی کۆچیو لەهاوەڵان و موهاجرو ئەنصار (٧٠٠)کەس کوژرا و لە غەیری ئەمانیش (١٠)هەزار کوژرا.

وە سعیدی کوڕی المسیب دەفەرموێت: (فیتنەی یەکەم هەڵگیرسا لەوانەی کە بەشداری جەنگی ئوحدیان کردبوو کەسیان نەما. پاشان فیتنەی دووەم ڕوویداو لە بەشداربوانی حودەیبیە کەسیان نەما. وە گومانم وایە ئەگەر فیتنەی سێیەم ڕووبدات لەخەڵکیدا چاکەکان نامێنێ.

البغوی دەفەرموێت: (فیتنەی یەکەم مەبەستی کوژرانی عوسمانەو فیتنەی دووەم مەبەستی (الحرة )یە)./شرح السنه(١٤/٣٩٥)

ز- فیتنەی ووتنی (قورئان مەخلوقە): دوای ئەمە لە سەردەمی عەباسیەکاندا فیتنەی ووتنی قورئان مەخلوقە دەرکەوت ولەوانەی ئەمەیان ئەوت خەلیفەی عەباسی (المأمون) بوو کە پشتگیری ئەمەی کردوو لەمەدا شوێنی (الجهمية)و(المعتزلة)کان کەوت کە ئەمانە گرنگییان ئەدا بەم فیکرەو بڵاویان ئەکردەوە، تاوای لێ هات زۆرێك لە زانایانی ئیسلام توشی ناخۆشیو تاقی

کردنەوە هاتن، وە بەهۆی ئەمەوە زۆر بیروبۆچوون هاتە ناو موسڵمانانەوە کە لە ئیسلامدا نیە. ئەمەو زۆرێك لە فیتنە دەرکەوت وەدەردەکەوێت بە بێ شومارو بەهۆی ئەم فیتنەیەو غەیری ئەمەوە موسڵمانان بەش بەش بوون بۆچەندەها کۆمەڵی زۆر کە هەریەکەیان بانگەواز دەکات بۆلای خۆی‌و دەفەرموێت من لە سەر هەقم و غەیری من باطلە.

عن أبی هریرة (رضي الله عنه) قال: قال رسوالله(ﷺ): ( افترقت الیهود علی احدی او اثنتین وسبعین فرقة. وتفرقت النصاری علی إحدی أو إثنتین وسبعین فرقة. وتفترق أمتي علی ثلاث وسبعین فرقة). الترمذي ٧/٣٩٧-٣٩٨ وقال: حدیث حسن صحیح. وسنن أبی داود ١٢/٣٤٠ وسنن إبن ماجة ٢/١٣٢١ والحدیث صحیح، انظر (ص.ج.ص)١/٣٥٨(ح١٠٩٤).

واتە: جولەکەکان بەش بەش بوون بە حەفتاو یەك یان حەفتاو دوو کۆمەڵ. وە گاورەکان بەش بەش بوون بەحەفتاو یەك یان حەفتاو دوو کۆمەڵ. وە ئوممەتەکەم بەش بەش دەبێت بە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە.

وە لە ئەبی عامر عبدالله ی کوڕی لحی فەرمووی: لەگەڵ موعاویەی کوڕی أبی سفیاندا حەجمان کرد کاتێ گەیشتینە مەککەو نوێژی نیوەڕۆی کرد وەستاو فەرمووی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (گاورو جولەکە لە دینەکەیان دا بەش بوون بە حەفتاو دوو میللەتەوە. وە ئەم ئومەتەش دابەش دەبێت بە حەفتاو سێ میللەت -واتە: ئارەزووەکان - هەموویان لە ئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێ. ئەویش (الجماعە )یە واتە: کۆمەڵی موسڵمانان. وەلە ئوممەتەکەمدا گەلێك پەیدا دەبن شوێنی ئەو ئارەزووانە دەکەون هەروەکو چۆن نەخۆشی (الکلب)شوێنی سەگ دەکەوێت و تا نەیکوژێت لێی نابێتەوەو هیچ دەمارو جومگەیەکی نامێنێ ئیلا تێی دەچێ) سوێند بەخوا ئەی مەعشەری عەرەب! ئەگەر هەڵنەستن بەجێبەجێکردنی ئەوەی کە پێغەمبەرەکەتان(ﷺ) هێناویەتی ئەوا غەیری ئێوە لەخەڵکی لەپێشترن کە

پێی هەڵنەستن ). مسند أحمد١٠٢/٤ وسنن أبی داود ٣٤١/١٢-٣٤٢ ومستدرك الحاكم ١٠٢/٤ والحديث صحححه الالبانی وذكر طرقة فی (س.أ .ص) ورد علی من طعن فيه. انظر السلسلة(م٢/ج٣/١٤-٢٣)(ح٢٠٤).

ح- شوێن كەوتنی ڕێچكەی ئوممەتانی پێشوو: لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: (قیامەت نایەت تاكو ئوممەتەكەم ڕێگای سەردەمەكانی پێشوویان بست بە بست و باڵ بە باڵ دەگرن. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)وەكو فارس و ڕۆم. فەرمووی: ئەی كێ ئەڵێم جگە لەوانە) البخاری١٣/٣٠٠.

وە لە ریوایەتێكی تردا لە ئەبی سەعیدەوە: ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەبەستت جولەكەو گاورە؟فەرمووی: (ئەی كێ ؟!)البخاری ١٣/٣٠٠ومسلم ٢١٩/١٦-٢٢٠.

وەفەرمووی: (بست بە بست و باڵ بە باڵ هەتا ئەگەر خۆیان بكەن بەكونی بزن مژەشدا ئێوەش شوێنیان دەكەون) ئیمامی نەوەوی ئەفەرموێت: مەبەست بە بست بە بست وباڵ بە باڵ وەكو نمونە هێنانەوەیە بە سەختی شوێنكەوتنیان و موافقەتیان لە تاوان و لاداندا نەك لە كوفركردندا. ئەمەش موعجیزەیەكی ڕوونی پێغەمبەرە(ﷺ)چونكە ئەوە ڕوویدا كە پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی). شرح النووی لمسلم ٢١٩/١٦-٢٢٠.

## ٧- دەركەوتنی بانگەوازكەرانی پێغەمبەرایەتی:

ئەمیش نزیكەی (٣٠)درۆزنن، هەندێكیان لە سەردەمی هاوەڵاندا دەركەوتن و ئێستاش دەردەكەون. مەبەستیش ئەوانەیە كە زۆر كەس دوایان دەكەون.

عن أبی هريرة (رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يبعث دجالون كذابون قريب من ثلاثين كلهم يزعم أنه رسول الله).البخاری ٦١٦/١٦ ومسلم ٤٥/١٨-٤٦.

واتە: قیامەت هەڵناستێت هەتا چەند فێڵبازو دەجالێکی درۆزن پەیدا دەبن کە نزیکەی (٣٠)سی کەسن هەمویان دەڵێن پێغەمبەرین.
لەوانە (موستەیلمەی الکذاب) بوو کە لە شەڕی یەمامەدا کوژرا لەسەردەمی ئەبوبکەردا بەدەستی هاوەڵان. وە (الاسود العنسي) لە یەمەن ئەمیش هاوەڵان کوشتیان. و(سجاح) کە شووی کرد بە موسیلەمە، وە کاتێك موسەیلەمە کوژرا گەڕایەوە بۆ ئیسلام. وە (طلیحة بن خویلد الاسدي) بەڵام دوایی بەچاکی گەڕایەوە بۆ ئیسلام. وە(المختار بن أبي عبید الثقفي) وە (الحارث الكذاب) لە خیلافەی عبدالملك دەرچوو کوژرا. لە خیلافەی عەباسیشدا کۆمەڵێك دەرکەوتن. وە لە سەردەمی نوێدا (میرزا احمد القادیانی لە هیند. وە هەندێکی تر..
وە لەوانەش چواریان ژنن: لە حوذەیفەوە(ڕەزای خوای لێبێ) پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (لە ئوممەتەکەمدا درۆزن و دەجالان (٢٧) دانە هەن و چواریان ژنەو من (خاتم النبیین)م لە پاش من پێغەمبەر نیە). مسند أحمد ٥/ ٣٩٦ وهو صحيح، أنظر: صحيح الجامع الصغير ٤/٩٧ ( ح ٤١٣٤).

## ٨- بڵاو بوونەوەی ئاسایش:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): (لاتقوم الساعة حتى يسير الراكب بين العراق ومكة لايخاف إلا ضلال الطريق). مسند أحمد ٢/٣٧٠-٣٧١. قال الهيثمي: رواه أحمد ورجاله رجال الصحيح.
واتە: قیامەت هەڵناستێ هەتا پیادە لە نێوان عێراق و مەککەدا دێت و لە کەس ناترسێ جگە لە وونبوونی ڕێگا نەبێ.
وە ئەمە ڕوویدا لە زەمانی هاوەڵاندا(ڕەزای خوایان لێبێ). هەروەها لە سەردەمی مەهدی و عیسی(علیه السلام)دا ڕوودەدات.

## ٩- دەرکەوتنی ئاگری حیجاز:

**عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى تخرج نار من أرض الحجاز. تضيء أعناق الإبل ببصرى).** البخاري ٧٨/١٣ومسلم ٣٠/١٨.

**واتە: قیامەت نایەت تا ئاگرێك لە زەوی حیجاز بەرزدەبێتەوە ملی حوشتر لە بوصرا روناك دەكاتەوە.**

**بوصرا: شارێکە لە شام پێی دەوترێ (حوران ). وە ئەمە ئەو ئاگرە بوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی (٧)ی کۆچیدا لە ساڵی (٦٥٤)ی زایینی دەرکەوت کە خەڵکی سەرسام کرد. وە ئەو ئاگرە نیە کە لە ئاخرزەماندا دەردەکەوێ و خەڵکی راودەنێ بۆ مەحشەر.**

## ١٠- شەڕکردنی تورك:

**عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يقاتل المسلمون الترك. قوماُ وجوهُهُم كألامجان المطرقة يلبسون الشعر. ويمشون في الشعر).** صحيح المسلم ٣٧/١٨.

**واتە: قیامەت هەڵناستێت هەتا موسڵمانان شەڕ دەکەن لەگەڵ تورکدا. کە گەلێکن ڕوویان وەکو قەڵغانی دووچین پانەو موو لەبەر دەکەن و موو لەپێدەکەن. واتە: پۆشاك وكڵاشیان لە موو دروست کراوە. ئەمەش ڕوویداو موسڵمانان لەسەردەمی هاوەڵاندا شەڕیان کرد لەگەڵ تورکەکاندا کە لە سەردەمی یەکەمی خیلافەتی بەني ئومەییە لە عەهدی موعاویەدابوو (ڕەزایخوای لێ بێ)...**

**وە تەتەرەکانیش بە سەرۆکایەتی (جەنگیزخان) (٦٠٠)ك ساڵ بەغدادی کاول کردو موعتەصەمی کوشت کە کۆتا خەلیفە بوو لە ساڵی (٦٥٦)ی کۆچی، لەبەر ئەوە ئەبێت تەتەرەکان(مەغۆل) کە لە چەرخی(١٧)ی کۆچیدا پەیدابوون**

له توركەكان بن، چونكە لە سەردەمی ئیمامی نەوەویدا پەیدا بوون(٦٣١-٦٧٦)ك. كە خیلافەتی عەباسیان لەناو برد ئیمامی(النووی)خۆی دەفەرموێت: (هەموو سیفەتەكانی فەرموودەكەیان تیادا بوو). دوایی زۆرێكیان هاتنە ناو ئیسلامەوەو فەتحی زۆر شوێنیان كرد.

## ١١- شەڕكردنی عەجەم:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن النبي(ﷺ) قال: ( لاتقوم الساعة حتى تقاتلوا خوزا وكرمان من الاعاجم حمر الوجوه فطس الانوف. صغارالاعين، كأن وجوههم المجان المطرقة، نعالهم الشعر) البخاري ٦/٦٠٤ مع الفتح.

واتە: قیامەت هەڵناستێت هەتا شەڕ لەگەڵ (خوزاو كرمان)ی فارسدا ئەكەن كە دەمووچاویان سوورەو لوتیان داتەپیوەو چاویان بچوكەو ڕوویان وەكو قەڵغانی دوو چین وایەو پێڵاویان لە مووە.

## ١٢- فەوتانی ئەمانەت:

لە ئەبی هوریرەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر ئەمانەت فەوتا ئەوا چاوەڕوانی قیامەت بە) ووتی: چۆن ئەفەوتێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەگەر كاروبار درایە دەستی غەیری ئەهلی خۆی ئەوا چاوەڕوانی قیامەت بە).البخاری ٣٣٣/١١.

وە لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێ: وای لێ دێت ئەڵێن لە نەوەی فلاندا پیاوێكی ئەمین هەیە ....

## ١٣- نەمانی زانست و دەرکەوتنی نەفامی:

**عن أنس (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (من أشراط الساعة أن يرفع العلم ويثبت الجهل)**.البخاري ١٧٨/١ ومسلم ٢٢٢/١٦.

**واتە: لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە کە زانست هەڵ دەگیرێتەوەو نەفامی جێی دەگێتەوەو دەچەسپێ.**

**وە نەمانی زانست بە نەمانی زاناکان دەبێت.**

**عبدالله ی کوری مەسعود(ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرموێت: (قورئان لە ناوتاندا نامێنێ کە شەو لەبەری کردوەو لە سنگی پیاوان دەردەچێ و لەسەر زەویشدا هیچی نامێنێ)**. رواه الطبراني ورجاله رجال الصحيح غير شداد بن معقل وهو ثقة (مجمع الزوائد) ٣٢٩/٧-٣٣٠. قال ابن حجر: سنده صحيح ولكنه موقوف (فتح الباري )١٦/١٣. (قلت ومثله لايقال بالرأي فحكمه حكم المرفوع)

**ابن تيميه دەفەرموێت: لە ئاخر زەماندا قورئان لە مصحف و لە سنگدا هەڵدەگیرێ ووشەیەکی لێ نامێنێ لە سنگداو لە موصحفیشدا پیتێکی نامێنێ**...مجموع فتاوى ابن تيميه (١٩٨/٣-١٩٩).

**وە لەمەش گەورەتر ناوی خوا لەسەر زەویدا نابرێ. عن أنس (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: ( لاتقوم الساعة حتى لا يقال في الارض: الله الله)**.مسلم ١٧٨/٢

**(ابن كثير ) دەفەرموێ: لەمانای ئەم فەموودەیەدا دوو قسە هەیە: یان ئەوەتا ئینکاری خراپەکاری ناکرێت.** مسند أحمد (١٨١/١١-١٨٢) شرح أحمد شاكر وقال: أسناده صحيح.

**یان زیکری خوا نامێنێو ناوی نازانرێ، ئەمیش بەهۆی فەسادی ئەو کاتە/** النهايه (الفتن والملاحم ١٨٦/١).

## ١٤- زۆر بوونی پۆلیس و یامەتی دەرانی ستەم کاران:

**عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): ( صنفان من أهل النار لم أراهما: قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس...)** مسلم ١٧/١٩٠.

**واتە: دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی ئاگر تائیستا نەم دیون. گەلێك کە قامچیان پێیە وەکو کلکی مانگا وایە لە خەڵکی پیٚ دەدەن ..... )**

**ئەوەتا لەم ڕۆژەدا بە ئاشکرا دیارەو ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبیٚ ئەوا لەو قامچیانە دەخۆی.**

## ١٥- بڵاو بونەوەی زینا:

**عن أنس (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): ( إن من أشراط الساعة:....(فذكرمنها): ويظهرالزنا).** البخاري ١/١٧٨.ومسلم ١٦/٢٢١.

**واتە: لە نیشانەکانی قیامەت ... (کۆمەڵێکی باس کرد لەوانە: ) زینا دەردەکەویٚ).**

**وە دوای نەمانی ئیمانداران خراپەکاران دەمێنن و وەکو گویٚ درێژ سواری یەك دەبن، کە دەفەرمویٚ: (وە خراپەکارانی خەڵکی دەمێنن و وەکو هێستر سواری یەکتر دەبن و ڕادەبوێرن. لەسەر ئەوان قیامەت هەڵدەستێت )** مسلم ١٨/٧٠.

**وە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمویٚ: ( سوێند بەو زاتەی ڕۆحی منی بەدەستە ئەم ئوممەتە تەواو نابیٚ هەتا پیاو ئەچێتە سەر ئافرەت ولە سەر ڕێگادا زینای لەگەڵدا دەکات و دەیدات بە زەویدا، وە لەو کاتەدا چاکترینی خەڵکی ئەوەیە کە دەفەرموێت: ئەوە نەدەبوو لە پشت ئەو دیوارەوە زینات لەگەڵدا بکردایە!).**

رواه أبو يعلي قال الهيثمي: ورجاله رجال الصحيح. مجمع الزوائد ٧/٣٣١.

## ١٦- بلاوبوونەوەی سوو ( الربا ):

عن إبن مسعود (رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ) أنه قال: (بين يدي الساعة يظهر الربا). رواه الطبراني كما في الترغيب والترهيب للمنذري ٩/٣ وقال: رواته رواة الصحيح.

واتە: لە بەردەم قیامەتدا سوو دەردەکەوێ.

وه عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (ليأتين على الناس زمان لايبالي المرءُ بما أخذ المال. أمن حلال أم من حرام).البخاري ٢١٣/٤. وسنن النسائي ( ٢٤٣/٧)

واتە:زەمانێك دێت بەسەر خەڵکیدا گوێ نادات بەوەی ماڵی لە کوێوە دەست کەوتوە، ئایا لە حەڵاڵ یان حەرام.

## ١٧- دەرکەوتنی مۆسیقاو حەڵاڵ کردنی:

عن سهل بن سعد أن رسول الله(ﷺ): (سيكون في آخر الزمان خسفٌ، وقذفٌ، ومسخ، قيل ومتى ذلك يارسول الله؟ قال: ( إذا ظهرت المعازف و القيناتٌ).

رواه ابن ماجه في (سننه)طرفا من اوله ١٣٥٠/٢، وقال الهيثمى: (رواه الطبرانى. وفيه عبدالله بن أبى زياد. وفيه ضعف، وبقية الرجال إحدى الطريقين رجال الصحيح) (مجمع الزوائد) (١٠/٨) وقال البانى: صحيح، انظر (ص.ج.ص) (٢١٦/٣) (ح٣٥٥٩).

واتە: لە ئاخرزەماندا ڕۆچوونی زەوی‌و فڕێدان و گۆڕانی خەڵکی ڕوودەدات بۆ سەر شێوەی بەرازو مەیمون. وتیان: کەی ئەمە دەبێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرموی: ئەگەر مۆسیقاو گۆرانی بێژانی ئافرەت دەرکەوتن.

(المعازف) بریتی‌یە لە ئامێرەکانی گاڵتەو گەپ وەکو عودو طة نبورو دەف.. وە هەموو یارییەکی مۆسیقاو ژەنین.. أنظر( النهاية في غريب الحديث)٢٣٠/٣..

وە لەمە سەخت تر حەڵاڵ کردنێتی لە لایەن چەند کەسێکەوە .. عن أبي مالك الأشعري (رضي الله عنه) أنه سمع النبي(ﷺ) يقول: (ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف....). البخاري ١٥/١٠..

واته: له ئوممەتمدا گەلانێك پەیدا دەبن كە زیناو ئارەق و ئاوریشم و مۆسیقا حەڵاڵ دەكەن..

وە (إبن حزم )پێی وایە ئەم فەرموودەیەی (البخاری ) پچڕاوەو لە نێوان بوخاریو (صدقه بن خالد )دا كە راویەكی فەرموودەكەیە نەگەیشتوە. بەڵام (إبن القیم )بەرپەرچی ئەمەی داوەتەوەو لە شەش ڕووەوە سەلماندویەتی كە ئەم فەرموودەیە صەحیحەو گومانی تێدا نیە) وەقسەكەی إبن حزم بەتاڵە لەمەدا. أنظر (تهذیب السنن)(٥/٢٧٠-٢٧٢).

## ١٨- زۆربوونی خواردنەوەی ئارەق و حەڵاڵ كردنی:

ئەمیش بەدەركەوتنی خواردنەوەو ناونانی بە غەیری ناوی خۆی و لەمەش سەخت تر بەحەڵاڵ زانینی لە لای هەندێ خەڵكی. عن عبادة بن الصامت قال: قال رسول الله(ﷺ): (لتستحلن طائفة من أمتي الخمر بإسم یسمونها إیاه).

مسند أحمد (٥/٣١٨) بهامشه منتخب كنز العمال، وسنن إبن ماجه (١١٢٣/٢)قال إبن حجر في الفتح (٥١/١٠): سنده جید.. والحدیث صححه الإلباني أنظر (صحیح الجامع الصغیر )(٥/١٣-١٤)(ح٤٩٤٥)..

واتە: لە ئوممەتەكەمدا كۆمەڵێك پەیدا دەبن كە ئارەق حەڵاڵ دەكەن و بە غەیری ناوی خۆی ناوی دەنێن.

ئەوەتا لەم ڕۆژەدا بە خواردنەوەی بێ هۆشكەر دەڵێن (المشروبات الروحیة!!!)

## ١٩- ڕازاندنەوەی مزگەوتەكان و نەخش ونیگار كردنی:

وە لەوانە ڕازاندنەوەی مزگەوت و نەخش كردن و فەخر كردن پێوەی.

عن أنس (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى یتباهى الناس في المساجد). مسند أحمد (٣/١٣٤-بهامشه منتخب كنز العمال) قال الالباني: (صحیح).أنظر صحیح الجامع (٦/١٧٤) (ح٧٢٩٨)..

واتە: قیامەت هەڵناستێت هەتا خەڵکی (تباهی )لەمزگەوت دا دەکەن، بوخاری دەفەرموێت: ئەنەس فەرمویەتی: دەیڕازێننەوە.. پاشان ئاوەدانی ناکەنەوە کەمێك نەبێت .. وە(التباهی بها): گرنگی دانە بەڕزاندنەوەی.

إبن عباس دەفەرموێت: دەیڕازێننەوە هەروەکو چۆن گاورو جولەکە ئەیڕازێننەوە..البخاری (٥٣٩/١–مع الفتح ).

وە عومەری کوڕی خەتتاب(رەزای خوای لێ بێت) نەهی کردووە لە زەخرەفەی مزگەوتەکان چونکە ئەمە خەڵکی مەشغوڵ دەکات لە نوێژەکانیان، وە لە کاتی فەرمان کردنیدا بە تازەکردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أكن الناس من المطر. وإياك أن تحمر أو تصفر فتفتن الناس).البخاري (٥٣٩/١–مع الفتح)

واتە: وا دروستی بکەن کە خەڵکی بپارێزێ لە باران و بەڵام نەکەی سوورکاری یان زەردکاری بکەیت و خەڵکی تووشی ئاشووبە بکەی..وە ڕازاندنەوەی مزگەوت بەتاعەت و عیبادەت دەبێ نەك بە بۆیاخ کردنی..

(المناوي)دەفەرموێت: ئەو رایەی کە شافعی لە سەرە ئەوەیە کە ڕازاندنەوەی مزگەوت –ئەگەر کەعبەش بێت –بە ئاڵتون یان زیو حەرامە بە موتڵەقی، بەڵام بەغەیری ئەم دووانە مەکروهە. فيض القدير (٣٦٧/١).

## ٢٠- بەرز کردنەوە لە خانوو بەرەدا :

(.....وأن ترى الحفاة العراة العالة رعاء الشاء يتطاولون في البنيان ).مسلم (١٥٨/١–مع شرح النووي)

واتە: یەکێك لەنیشانەکانی (قیامەت)ئەوەیە کە مرۆڤی پێ پەتیو ڕووتی شوانی مەڕومالآت بیناکانیان بەرز دەکەنەوە،

ئەم فەرمودەیەش کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی کە جبریل پرسیاری کرد لە دەربارەی نیشانەکانی ڕۆژی دوایی.

## ٢١- دایك ئەبێتە خزمەتكاری كچەكەی خۆی:

هەر لە فەرمووده درێژەكەی جبریلدا هاتوه كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (...وسأخبرك عن أشراطها: إذا ولدت الامة ربها). البخارى (١/١١٤) ومسلم (١/١٥٨)

وفي رواية لمسلم: (إذا ولدت الامة ربتها).مسلم (١/١٦٣)

واتە: لە نیشانەكانی كە پێتی بڵێم ئەوەیە كە: دایك ئەبێتە خزمەتكاری كیژەكەی خۆی.

واتە: كچەكەی بە شێوەیەكی ناشیرین مامەڵەی لەگەڵدا دەكات و فەرمان ئەدات بەسەریدا.

## ٢٢- زۆر بوونی كوشتار:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يكثر الهرج ). قالوا: ومالهرج يارسول الله؟ قال: (القتل، القتل). مسلم (١٨/١٣)

واتە: قیامەت نایە هەتا (هەرج) زۆردەبێ. ووتیان: هەرج چیيە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: كوشتارە كوشتارە.

لە ئەبی موساوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموويەتی: لە بەردەمی قیامەتدا هەرج هەیە؟ ووتیان: هەرج چیە؟ فەرمووی: كوشتارە، ووتیان: زیاد لەوەی كە ئێمە دەی كوژین كە لە ساڵێكدا زیاد لەحەفتا هەزار دەكوژین؟ فەرمووی: ئەو كوشتارو هەرجە كوشتاری موشریكین نیە، بەڵكو كوشتاری خۆتانە. وتیان: باشە ئەو ڕۆژە عەقڵمان ماوەو لەگەڵمانە. فەرمووی: عەقڵی زۆربەی خەڵكی ئەو زەمانە دادەماڵدرێ. وە خەڵكێكی بێ عەقڵ جێ‌دەگرنەوە، وە زۆربەیان وادەزانن لە سەر حەقن و حەقیان بەدەستە، كەچی حەقیان بە دەست نیە).

مسند الإمام أحمد(٤/٤١٤) و (سنن ابن ماجه ٢/١٣٠٩) (ح٣٩٥٩)والحديث صحيح أنظر صحيح جامع الصغير (٢/١٩٣) (ح٢٠٤٣).

وه لـه ئـەبو هـورەیرەوه فـەرمووی: پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویـەتی: ( سـوێند بـەو خوایـەی نەفسی منـی بەدەسته دنیا کۆتـایی نایـەت هـەتاڕۆژێك دێت بەسـەر خەڵکیـدا کـە بکـوژ نازانـێ بۆچـی کوشـتویەتی، وه کـوژراو نازانـێ بۆچـی کوژراوه! ووتیان: ئەمه چۆن دەبێ؟ فەرمووی: ( هەرجه، بکوژو کوژراو لـه نـاو ئاگردان )مسلم (١٨/٣٥ )مع شرح النووی..

ئەمەش ڕوویدا له دوای شەهید کردنی ئیمامی عوثمان(ڕەزای خوای لێبێ)و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامه.

له صدقەی کوری المثنی وه ئەفەرموێت: رباح بن الحارث بۆی باس کـردین لـه ئەبی بردةوه فەرمووی: له کاتێکدا من له بـازاردا وەسـتا بـووم لـه (إمـاره زیـاد) لەو کاتەدا دەستێکم کێشا بەوەی ترمدا لەسەر سورماندا. پیاوێك لـه ئەنـصار کـه بـاوکی هاوەڵایـەتی پێغەمبـەری(ﷺ) کـردوه فـەرمووی: لـه چـی سـەرت سوڕدەمێنێ ئەی ئەبا برده؟ ووتم: سەرم سور دەمێنێ له گەلێك دینیـان یەکـه. پێغەمبەریان یەکه، بانگەوازیان یەکه. بەڵگەوحوجەیان یەکـه. غـەزایان یەکـه. کەچی کۆمەڵێکیان کوشتاری کۆمەڵێکیان حەڵاڵ دەکەن! فەرموی: سەرت سوڕ نەمێنێ، من گوێم له باوکم بووه هەواڵی پێ داوم که گوێی لـه پێغەمبـەر بـووه (ﷺ)فەرمویـەتی: (ئوممەتەکـەم ئوممـەتێکی ڕەحـم پـێ کـراوه، لـه دوا ڕۆژدا عـەزاب و ناڕەحـەتی لەسـەر نیـیـه، بـەڵام عـەزابیان لـه کوشـتارو زلـزال و ئاشوبەدایه). مستدرك الحاكم (٢٥٣-٢٥٤)وقال: صحيح الاسناد ولم يخرجاه ووافقه الذهبي، والحديث صحيح. أنظر (سلسلة الاحاديث الصحيحة )(م/٦٨٤-٦٨٦).

وه له ڕیوایەتێکی تردا له ئەبی موساوه: (ئوممەتەکەم ئوممەتێکی ڕەحم پێ کراوه، له قیامەتدا عەزابی له سەر نیيه بەڵکو عەزابی له دنیادایه له کوشتارو ئاشوبەو زلـزال دایـه). مسند الإمام أحمد (٤/٤١٠) والحديث صحيح. أنظر صحيح الجامع الصغير (٢/١٠٤)(ح ١٧٣٤).

## ٢٣- نزيك بوونەوەی كات:

عـن أبـي هريـرة(رضـي الله عنـه) قـال: قـال رسـول الله(ﷺ): (لاتقـوم الـساعة حتـى..... يتقارب الزمان). البخاري (١٣/٨١-٨٢مع الفتح )

واتە: قيامەت هەڵناستێ تا....كات و زەمان نزيك ئەكەوێتەوە.

وعـن أبـي هريـرة(رضـي الله عنـه) قـال رسـول الله(ﷺ): ( لاتقـوم الـساعة حتـى يتقارب الزمان. فتكون السنة كالشهر، ويكون الشهر كالجمعة، وتكـون الجمعة كـاليوم، ويكـون اليـوم كالـساعة، وتكـون الـساعة كـاحتراق الـسعفة). مـسند أحمد(٢/٥٣٧-٥٣٨) ورواه الترمذى عن انس، جامع الترمذي(٦/٦٢٤-٦٢٥-مع تحفة الاحوذي). قال ابن كثير: اسناده على شرط مسلم، قال الهيثمى: رجاله رجال الصحيح. وقال الالبانى: صحيح. انظر صحيح الجامع الصغير(٦/١٧٥)(ح٧٢٩٩).

واتە: قيامەت هەڵناستێ تا زەمان نزيك ئەكەوێتەوە، بەجۆرێك ساڵ دەبێت بە مانگ و مانگ بە هەفتەو هەفتە دەبێت بە ڕۆژو ڕۆژيش وەك سەعاتێكی لێ دێت و سـەعاتێكيش كـەم دەبێتـەوەو دەبێتـە مـاوەی سـوتانی پەڕەيـەك لـە گـەڵاو لاسكی دارخورما.

ئـەميش لـە لايـەن زانايـەوە چـەند واتايـەكی بـۆ لێكدراوەتـەوە لەوانـە بەرەكـەت كـەم دەبێـت لـەو زەمانـەدا، يـان ئـەمـە كـاتی هـاتنی مەهـدیو عيسايە(سـەلامی خوای لەسەر بێت) كـە دنيـا خۆش دەبێـت و كاتـە ناخۆشـەكان درێژ دەبێت لـە لايـان. يـان بـە هـۆی هۆكـاری پێـشكەوتووی گواسـتنەوە كاتـەكان كـەم دەبێتەوە(وەكو سەيارە و تەيارە...) يان هەر خۆی كاتەكە خێرا دەڕوا.

## ٢٤- نزيك بوونەوەی بازەڕەكان:

عن أبي هريرة (رضـي الله عنـه) أن رسـول الله(ﷺ) قـال: (لاتقـوم الـساعة حتـى تظهر الفتن ويكثـر الكـذب وتتقـارب الاسـواق).مسند أحمد ٥١٩/٢. قال الهيثمى: رواه أحمد ورجاله رجال الصحيح غير سعيد بن سمعان وهو ثقة. مجمع الزوائد ٣٢٧/٧.

واتە: قیامەت هەڵناستێت تاوەکو ئاشوبە دەرئەکەوێ و درۆکردن زۆر دەبێت و بازاڕەکان نزیك دەبنەوە لە یەکتری.

لەم ڕۆژەدا بازاڕەکان نزیك بوونەتەوە لە سێ ڕووەوە:

١)خێرایی زانست کە تیایدا زیادەی نرخ وکەم بوونی تێدایە.

٢)خێرایی ڕۆیشتن لە بازاڕێکەوە بۆ بازاڕێك ئەگەرچی زۆر دووریش بن لە یەك.

٣)نزیك بوونەوەی هەندێکیان لە هەندێکیانەوە لە نرخداو شوێن کەوتنی هەندێ لەخەڵکی بۆ هەندێکیان لەزیاد کردن و کەم کردنی نرخ دا. والله أعلم.

## ٢٥- دەرکەوتنی هاوبەش دانان بۆ خوا( الشرك )لە ئەم ئوممەتەدا :

عن ثوبان (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (إذا وضع السيف في أمتي لم يرفع عنها الى يوم القيامة. ولا تقوم الساعة حتى تلحق قبائل من أمتي بالمشركين وحتى تعبد قبائل من أمتى الاوثان). سنن أبي داود١١/٣٢٢-٣٢٤ وجامع الترمذي٦/٤٦٦ وقال الترمذي: هذا حديث صحيح، وصححه الالباني في صحيح الجامع الصغير ٦/١٧٤(ح ٧٢٩٥).

واتە: ئەگەر شمشێرو جیهاد دابەزی بۆ نەتەوەکەم لەسەری لانابرێ هەتا ڕۆژی قیامەت. وە قیامەت نایە تا کۆمەڵێ لە نەتەوەکەم ئەکەونە شوێن موشریکین. وە هەتا چەند تیرەیەك لە ئوممەتەکەم بت ئەپەرستن.

وە فەرمووی: (شەوو ڕۆژ لاناچێ هەتاکو لات و عوززا جارێکی تر دەپرسترێتەوە.... )مسلم ١٨/٢٢

## ٢٦- دەرکەوتنی خراپەکاری و بچڕانی ڕەحم و خراپی دراوسێیەتی:

**عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يظهر الفحش والتفاحش وقطيعة الرحم وسوء المجاورة).** مسند أحمد ١٠/٢٦-٣١ شرح أحمد شاكر. وقال: إسناده صحيح. ومستدرك الحاكم١/٧٥-٧٦.

**واتە: قیامەت هەڵناسێ تاکو دەم پیسیو خراپەکاری و بچڕانی ڕەحم و خراپی دراوسێیەتی دەرئەکەوێ.**

## ٢٧- گەنج بوونەوەی پیرەکان:

**عن إبن عباس (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (يكون قوم يخضبون في آخر الزمان بالسواد كحواصل الحمام لايريحون رائحة الجنة).** مسند أحمد ٤/١٥٦(ح٢٤٧) تحقيق وشرح أحمد شاكر وقال: صحيح. وسنن ابى داود (٢٦٦/١١).

**واتە: لە ئاخرزەماندا گەلێك پەیدادەبن کە ڕەنگی ڕەش بەکار دەهێنن و سەرو ڕیشی پێ ڕەش دەکەن وەکو گەردنی کۆتر. بۆنی بەهەشت ناکەن.**

**ئەمەش زۆر دیارە لەناو خەڵکیداو مەبەست لە بۆیاخ کردن و تاشینی ئەم لاو لای ڕیشیانەو بەسەر چەناگەیانەوە تۆزێ ئەهێڵنەوە. والله أعلم .**

**إبن الجوزی دەفەرموێت: ئەگونجێ مانای (بۆنی بەهەشت ناکەن) لەبەر کردەوەیەك بێت یان بیروباوەڕێك بێت کە هەیانە نەك لەبەر عیلەتی بۆیاخ کردنەکە، وە ئەگونجێ بۆیاخ کردنیش شێوەیەك بێت لە سیمایان هەروەك لەباسی خەوارج دا فەرمووی شێوەیان سەرتاشینە، ئەگەرچی سەرتاشین خۆی لەخۆیدا حەرام نیە.** الموضوعات لأبن الجوزي٣/٥٥.

**بەلاَم لەگەڵ ئەم ووتەیەشدا نەهی کراوە لە بۆیاخ کردنی سەرو ڕیش بە (ڕەش).**

**لە جابرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەبی قوحافە باوکی أبوبکر(ڕەزای خوای لێ بێت) ڕۆژی فەتحی مەککە هات و سەرو ڕیشی وەکو (ثغامة)- کە دارێکی گوڵ**

و بەر سپی یە وەكو بەفر وایە – سپی بوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ( غيروا هذا بشيء واجتنبوا السواد).مسلم ١٤/٧٩.

واتە: ئەمە بە شتێك بگۆڕن وەئاگاتان لە ڕەش بێت بەكاری نەهێنن.

## ٢٨- زۆربوونی ڕەزیلی:

عن أبى هريرة (رضي الله عنه) قال: (من أشرط الساعة أن يظهر الشح).رواه الطبراني فى الاوسط قال الهيثمي: رجاله رجال الصحيح غير محمد بن الحارث بن سفيان وهو ثقة. مجمع الزوائد٧/٣٢٧.

واتە: لە نیشانەكانی قیامەت ئەوەیە كە ڕەزیلی دەردەكەوێت.

## ٢٩- زۆربوونی بازرگانی:

عن عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه )عن النبي(ﷺ)أنه قال: (بين يدي الساعة تسليم الخاصة، وفشو التجارة، حتى تشارك المرأة زوجها في التجارة). مسند أحمد (٣٣٣/٥ –شرح أحمد شاكر)وقال: إسناده صحيح. ومستدرك الحاكم ٤٤٥/٤–٤٤٦.

واتە: لە بەردەمی قیامەتدا ئەم نیشانانە هەیە: سڵاو كردنی تایبەتی كە تەنها بۆ ناسیاو دەبێت. وە بڵاوبوونەوەی بازرگانی، هەتا ئافرەت بەشداری مێردەكەی دەكات لە بازرگانیدا.

## ٣٠- زۆربوونی لەرینەوەی زەویو بوومەلەرزە( الزلزال ):

عن أبي هريرة(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (لاتقوم الساعة حتى تكثر الزلزال). البخاري ٨١/١٣–٨٢.

واتە: قیامەت هەڵناسێ تا لەرینەوەی زەوی زۆر دەبێت.

وعن سلمة بن نفيل السكوني قال: كنا جلوسا عند رسول الله(ﷺ) .....(فذكر الحديث، وفيه:) وبين يدي الساعة موتان شديد وبعده سنوات الزلزال). مسند

الأمام أحمد ١٠٤/٤ قال الهيثمي: رواه أحمد والطبراني والبزار وأبو يعلي ورجاله ثقات/ مجمع الزوائد ٣٠٦/٧.

واتــه: پــێش هــاتنی قیامــەت بــه كۆمــەڵ مردنێكــی زۆر پەیــدا دەبێــت و دەردەكەوێت وە دوای ئەوەش چەند ساڵێكی پڕ لە بومەلەرزە دێت.

إبن حجر دەفەرموێ: لـه زۆرێك لـه وڵاتـەكانی باكورو ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوا زۆر بومەلـەرزە ڕووی داوە. بـەڵام ئـەوەی دەردەكـەوێ ئەوەیـە كـە مەبەسـت بـە زۆربوونی واتە شمولیەتیو بەردەوامێتیەتی.... فتح الباری ٨٧/١٣.

وەتەئیدی ئەمەش ئەم فەرموودەیەیە: لە عبدالله كوڕی حوالـه (ڕەزای خـوای لێ بێت )فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) دەستی خستە سەر سـەرم -یان سـەر شـانم- فـەرمووی: ئـەی كـوڕی حوالـه ! ئەگـەر بینیـت خیلافـەت لەسـەر زەوی(أرض المقدسة )دابـەزیوە ئـەوە لەرینـەوەو ناڕەحـەتیو شـتی گـەورە نزیـك بوەتـەوە، وەقیامـەتیش لـەو ڕۆژەدا نـزیكترە لـە خەڵكیـەوە لەدەسـتی مـن لەسەرسـەرت).

مسند أحمد ٢٨٨/٥ وسنن أبي داود ٢٠٩/٧ -٢١٠ ومستدرك الحاكم ٤٢٥/٤٥ وقال: (هذا حديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه) ووافقه الذهبي وصححه الالباني أنظر (ص.ح.ص )٢٦٣/٦(ح٧٧١٥).

## ٣١- دەركەوتنی ڕۆچون و بوون بە مە یمون و بەراز و فڕێ دان:

عن عائشة (رضـي الله عنهـا) قالـت: قـال رسـول الله(ﷺ): (يكون في آخـر هـذه الامة خسف ومسخ وقذف، قالت: قلت يارسول الله! أنهلك وفينا الصالحون؟ قال: نعم إذا ظهر الخبث). سنن الترمذي ٤١٨/٦ قال الالباني: صحيح. أنظر: صحيح جامع الصغير ٣٥٨/٦ (ح٨٠١٢).

واتە: لەكۆتایی ئەم ئوممەتەدا ڕۆچون و بوون بە مەیمون و بـەرازو بـەرد بارین بەسـەر خەڵكیـدا ڕوودەدات. وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئایا ئێمـە تیائەچین لەكاتێكدا پیاوچاكانمان تیا بێت؟ فەرمووی: بەڵێ ئەگەر خراپەكار زۆر بوو.

وە لەوانــەی كــە گــۆڕان و فــڕێ دان ڕوو ئــەدات لــە ســەریان (الزنادقـة والقدرية)كانن:

عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما) قال: سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (إنه سيكون في أمتي مسخ وقذف وهو في الزندقية والقدرية).مسند أحمد (٧٣/٩-٧٤) (ح٦٢٠٨)تحقيق أحمد شاكر وقال: إسناده صحيح.

ئەو سوپايەش كە دەچێ بۆ گرتنی مەككە ڕۆدەچن و ئەم سزايەش بۆ تاوانبارانی ئەهلی مۆسیقاو شەراب خۆرانە بە ڕۆچون و گۆڕانی شێوەو ڕواڵەتیان. وە ئەم گۆڕانەش مەبەستی دیمەنی ڕواڵەتیە كە دەبن بە مەیمون و بەراز وە مەبەست بە مەعنەویيە كە دڵیان وەكو دڵی مەیمون و بەرازی لێ دێت و جیاوازی حەڵاڵ و حەرام و چاك و خراپ ناكەن. والله أعلم .

## ٣٢- نەمانی پیاوچاكان:

عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما) قال: قال رسول الله(ﷺ): (لاتقوم الساعة حتى يأخذ الله شريطته من أهل الأرض فيبقى فيها عجاجة لا يعرفون معروفآ ولا ينكرون منكرا). مسند أحمد (١٨١/١١-١٨٢) شرح أحمد شاكر...وقال: إسناده صحيح. ومستدرك الحاكم (٤٣٥/٤).

واتە: قیامەت هەڵناسێ هەتا خوای گەورە ئەهلی چاكەو دین لەسەر زەوی دا ناهێڵی و جگە لە بێ نرخ و بێ خەیرەكان زیاتر كەس نامێنێ بەجۆرێ چاكە نازانن و ئینكاری خراپە ناكەن.

وە نەمانی پیاوچاكان لەكاتی زۆربوونی تاواندا دەبێت كە دەیبینن و بەرگری لێ ناكەن وەكو لە فەرموودەكەدا هاتووە: پرسیاریان لە پێغەمبەر(ﷺ)كرد: ئایا تیا دەچین ئەگەر پیاوچاكانیشمان تێدا بێت؟ فەرمووی: بەڵێ ئەگەر خراپە زۆر بوو..البخاري (١١/١٣).

## ٣٣- بەرز بوونەوەی پلەی بێ نرخان:

**عن أبي هريرة(رضي الله عنه )قال رسول الله(ﷺ): ( إنها ستأتي على الناس سنون خداعة، يصدق فيها الكاذب ويكذب فيها الصادق، ويؤتمن فيها الخائن، ويخون فيها الأمين، وينطق فيها الرويبضة، قيل: ومالرويبضة؟ قال: السفيه يتكلم في أمر العامة).** سنن الإمام أحمد (١٥/٣٧-٣٨ -شرح وتعليق أحمد شاكر)وقال: إسناده حسن ومتنه صحيح، وقال إبن كثير: هذا إسناد جيد. ولم يخرجوه من هذا الوجه...

**واتە: چەند ساڵێکی هەڵخەڵەتێنەری پڕ لە فێڵ بەسەر خەڵکیدا ڕادەبورێ کە تیایدا درۆزن دەبێتە ڕاستگۆ لای خەڵك، وە ڕاستگۆ بە درۆزن ناو دەبرێ و خیانەتکار بە ئەمین و ئەمین بە خائن ناودەبرێ. وە(الرويبضة )تیایدا دەکەوێتە قسە.ووتیان: روەیبضة چیيە؟ فەرمووی: مرۆڤی بێڕێزو بێ نرخە قسە لەبابەتی گشتی خەڵکی دەکات و خۆی تێ هەڵدەقورتێنێ...**

**یان دەفەرموێ: (ئەگەر کاروبار درایە دەست غەیری خاوەنی خۆی ئەوا چاوەڕوانی قیامەت بکە).** البخاري (١١/٣٣٢).

**عن حذيفة بن اليمان (رضي الله عنه)أن النبي(ﷺ)قال: (لاتقوم الساعة حتى يكون أسعد الناس بالدنيا لكع إبن لكع).** مسند الإمام أحمد (٥/٣٨٩).ورمز له السيوطى في (الجامع الصغير) بالصحة(٤/٢٠٢) وقال الالباني:(صحيح) أنظر صحيح الجامع الصغير (٦/١٧٧)(ح٧٣٠٨)

**واتە: قیامەت هەڵناسێ هەتا دڵخۆشترین کەس بە دنیا بێڕێزی کوڕی بێ ڕێزی کۆیلەیە.**

**وە وای لێ دێت کە بە پیاوێك دەوترێت چەند بەرێزە..چەند باشە..چەند زیرەکە...کەچی بە ئەندازەی مسقاڵە دەنکێ لە خەردەل ئیمان لەدڵیدا نییە.** البخاري (١١/٣٣٣) ومسلم ( ٢/١٦٧-١٧٠).

## ٣٤- سڵاو كردن تەنها لەبەر ناسراوى:

عن إبن مسعود قال: قال رسول الله(ﷺ): (إن من أشراط الساعة أن يسلم الرجل على الرجل لايسلم عليه إلا للمعرفة). مسند أحمد (٣٢٦/٥) قال أحمد شاكر: إسناده صحيح.

واتە: لە نيشانەكانى قيامەت ئەوەيە كە پياو سڵاو لە پياو ناكات مەگەر لەبەر ناسياوى.

كە ئەمەش پێچەوانەى سوننەتە كە دەبێت سڵاو لە نەناس و ناسراويش بكرێت لەبەر خوا.

## ٣٥- وەرگرتنى زانست لە بچوكان:

روى الإمام عبدالله المبارك بسنده عن أبي أمية الجمحي(رضي الله عنه)أن رسول الله(ﷺ)قال: (إن من أشراط الساعة ثلاثا: إحداهن أن يلتمس العلم عند الأصاغر..).كتاب الزهد لإبن المبارك (ص ٢٠-٢١ )( ج ٦١) قال الألباني: صحيح. أنظر صحيح الجامع الصغير (٢٤٣/٢) (ح ٢٢٠٣)

واتە: لە نيشانەكانى قيامەت سيانن: يەكێكيان ئەوەيە كە زانست لە منداڵەوە وەردەگيرێ.

وە پرسيار كرا لە ئيمام عبدالله بن المبارك دەربارەى بچوكەكان؟ فەرمووى: (ئەوانەن كە بە ڕەئى خۆيان قسە دەكەن. بەڵام بچوكێك كە گەورە ريوايەتى لێوە بكات، بچووك نىيە).

وە لەمەدا فەرموويەتى: (ئەمانە زانستيان لە بچوكەوە پىَ گەييوە، واتە: ئەهلى بيدعە). حاشية كتاب الزهد ص ٣١.

وە إبن مسعود(رضي الله عنه) فەرموويەتى: (خەڵكى بەردەوام لە خەير دان مادام زانستيان لە هاوەڵانى محمد(ﷺ) وگەورەكانيانەوە پىَ بگات، بەڵام هەركات زانستيان لە بچوكەكانەوە پىَگەيشت و ئارەزوويان جيابويەوە، بە

هیلاکا ئەچن). کتاب الزهد لإبن المبارك (ص٢٨١) (ح٨١٥). قال النويجري:رواه الطبراني في (الكبير) و(الأوسط) وعبدالرزاق في (مصنفه) بنحوه. وإسناده صحيح على شرط مسلم) أتحاف الجماعة١/٤٢٤.

## ٣٦- دەرکەوتنی ئافرەتانی پۆشتەی ڕووت:

لە عبدالله کوڕی عمرو (رضي الله عنهما) فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەر(ﷺ) بووە فەرموویەتی: (لە کۆتایی ئومەتەکەم دا پیاوانێك پەیدا دەبن کە سواری کۆپانێکی بەرز دەبن کە لەکۆپانی حوشتر دەچێ، لە بەردەم دەرگای مزگەوتەکاندا دادەبەزن. ژنەکانیان پۆشتەی ڕووتن، لە سەر سەریان وەکو سەری حوشتر وایە، نەفرینیان لێ بکەن چونکە نەفرەت لێ کراون. ئەگەر لە دوایی ئێوە ئومەتێك لە ئومەتەکان ببوایە ئەوا ژنەکانتان خزمەتی ژنەکانیانی ئەکردن هەروەك چۆن ژنانی ئومەتانی پێش خۆتان خزمەتتان دەکەن).مسند الإمام أحمد (٣٦/١٢)(ح٧٠٨٣) تحقيق أحمد شاكر وقال: إسناده صحيح..

عن أبي هريرة(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (صنفان من أهل النار لم أراهما: قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بهاالناس. ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات، رووسهن كأسنمة البخت المائلة. ولا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها، وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا). مسلم (١٩٠/١٧).

واتە: دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی ئاگر کە نەمدیون: کۆمەڵێك قامچیان پێیە وەکو کلکی مانگا وایە لە خەڵکی پێ ئەدەن. وە ژنانێکی پۆشتەی ڕووت، کە بەلەنجەو لار دەڕۆن. سەر سەریان وەك پشتی حوشتری لێ دەکەن (واتە گەورەی دەکەن بەهۆی کۆکردنەوەی قژیان لە سەر سەریان و دەیبەستن) ناچنە بەهەشتەوەو بۆنیشی ناکەن، لە کاتێکدا کە بۆنی بەهەشت لە دووری ئەوەندەو ئەوەندەوە هەستی پێ دەکرێ.

پۆشتەی ڕوتیش واتە: پۆشاك لەبەر دەكەن بەڵام زۆر تەنك و نەرمەو دایان ناپۆشێ وەك زۆربەی كراسی ژنانی ئەم سەردەمە/الحلال والحرام في الإسلام.د.یوسف القرضاوي.ص ٨٣.

یان پۆشتەن بەڵام پۆشاكەكانیان تەسكەو لاشەی دیارە لێوەی، یان هەندێ لە لاشەی دەردەخات وەكو سترێچ و پانتۆڵ/ بڕوانە: شرح النووي لمسلم (١٧/١٩٠).

## ٣٧- ڕاست دەرچوونی خەونی بڕوادار:

عن أبي هريرة(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (إذا أقترب الزمان لم تكد رؤيا المسلم تكذب وأصدقكم رؤيا أصدقكم حديثا. ورؤيا المسلم جزء من خمس وأربعين جزءآ من النبوة).البخاري (١٢/٤٠٤)ومسلم (١٥/٢٠)وهذا لفظ مسلم ولفظ البخاري: (...لم تكد رؤيا المؤمن تكذب....وماكان من النبوة فأنه لا يكذب).

واتە: كە قیامەت نزیك بووەوە خەونی موسڵمان درۆ دەرناچێ، وە ڕاسترین كەستان لە قسەدا ڕاسترین خەونی دەبێ. وەخەونی موسڵمان بەشێكە لە چل و پێنج بەش لە پێغەمبەرایەتی) وە لەفظی بوخاری بەم شێوەیە: (...خەونی بڕوادار درۆ دەرناچێ....وە ئەوەی لە پێغەمبەرایەتی بێت درۆ دەرناچێ).

زانایان لەسەر دیاری كردنی ئەم كاتە چەند ووتەیەكیان هەیە:

یەكەم/ ئەمە لە كاتێكدا دەبێت كە قیامەت نزیك دەبێتەوەو زۆربەی زانایان دەمرن. ابن حجر ئەم ڕایەی تەرجیح كردووە.

دووەم/ لە كاتی كەم بوونەوەی موسڵمانان و زاڵ بوونی كوفرو نەفامیو فیسقدایە بەسەر ئەو موسڵمانانەی كە زیندوون، وە ئەم دوو ووتەیە كاتی دیاری نەكراوە.

سێیەم/ ئەمە تایبەتە بە زەمانی عیساوە(علیە السلام). چونكە خەڵكی ئەوكاتە چاكترین حاڵیان هەیەو ڕاستگۆترینن، بۆیە خەویان ڕاست دەردەچێ. والله أعلم .انظر (فتح الباری) (١٢/٤٠٦-٤٠٧).

## ٢٨- زۆربوونی نووسین و بڵاوبوونەی:

في حديث ابن مسعود (رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ) قال: (ان بين يدي الساعة..... ظهور القلم). مسند احمد(٥/٣٣٣-٣٣٤) (ح٣٨٧٠) شرح أحمد شاكر وقال: اسناده صحيح.

واتە: لە بەردەم قیامەتدا چەند نیشانەیەك هەیە..لەوانە:.. دەرکەوتنی قەڵەم. دەرکەوتنی قەڵەمیش بەمانای دەرکەوتنی نووسین و بڵاو بوونەوەی دێت.. والله أعلم. انظر (شرح مسند أحمد)لأحمد شاكره/٣٣٤.

## ٣٩- پشت گوێ خستنی ئەو سوننەتانەی کە ئیسلام هانی ئەنجامدانی داوە:

وە لەوانە: عن ابن مسعود(رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله(ﷺ) وهو يقول: (إن من أشراط الساعة أن يمر الرجل بالمسجد، لا يصلي فيه ركعتين). صحيح ابن حزيمة (٢/٢٨٣-٢٨٤) وعلق عليه الألباني فقال: اسناده ضعيف ولكن له ولغالبه طرق أخرى. وذكر في السلسلة الصحيحة أن له طريقا أخرى عن ابن مسعود يتقوى بها. وفى رواية: (....أن يجتاز الرجل بالمسجد فلا يصلى فيه).رواه البزار. وصحح الهيثمي هذه الرواية في مجمع الزوائد (٧/٣٢٩). وعن أبن مسعود ايضا قال: (إن من أشراط الساعة ان تتخذ المساجد طرقا). منحة المعبود في ترتيب مسند الطيالسي(٢/٢١٢) ومستدرك الحاكم (٤/٤٤٦) وقال: هذا حديث صحيح الأسناد وقال الذهبي موقوف. وعن انس (رضي الله عنه) يرفعه الى النبي(ﷺ) قال: (إن من امارات الساعة أن تتخذ المساجد طرقاً) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

واتە: لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە پیاو بەلای مزگەوت دا دەڕواو دوو ڕکات نوێژی تیا ناکات- یان مزگەوت دەکرێ بە ڕێگا.

ئەمەش پێچەوانەی ئەم فەرموودەیەیە: قال(ﷺ): (اذا دخل احدكم المسجد فلا يجلس حتى يركع ركعتين).

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە چووە مزگەوتەوە با دانەنیشێ هەتا دوورکات نوێژی سلاوی مزگەوت (تحیه المسجد) دەکات.

ئەوەتا لەم ڕۆژەدا مزگەوت کراوەت ڕێگاو دوو دەرگای لەسەر درووست کراوەو هاتوچۆی پێدا دەکرێ یان کراوەتە شوێنی سەیران و گەشتی نەفامان، لاحول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

## ٤٠- گەورە بوونی مانگی یەك شەوە:

عن عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (من أقتراب الساعة انتفاخ الأهلة). رواه الطبراني في الكبير. قال الهيثمي: فيه عبدالرحمن بن يوسف ذكر له في ميزان هذا الحديث وقال: انه مجهول (مجمع الزوائد )(٣/ ١٤٦) وقال الألباني: صحيح، انظر (صحيح الجامع الصغير)(٥/٢١٣-٢١٤) (ح ٥٧٧٤).

واتە: لە نیشانەی نزیك بوونەوەی قیامەت ئاوسانی مانگی یەك شەوەیە.

بە شێوەیەك گەورە دەردەکەوێت کە لەیەك شەوەدایە خەڵك دەڵێت دوو شەوەیە. ئەمەش عیبارەتە لە گەورەبوونی (هیلال) لەکاتی دەرکەوتنی‌دا. والله أعلم .

## ٤١- زۆربوونی درۆو دڵنیانەکردن لە گەیاندنی هەواڵ:

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) عن رسول الله(ﷺ) أنه قال: (سيكون في آخر أمتي أناس يحدثونكم لم تسمعوا انتم ولا آبائكم، فأياكم وإياهم).مسلم (٧٨/١) وفي رواية: (يكون في آخر الزمان دجالون كذابون، يأتونكم من الأحاديث بما لم تسمعوا أنتم ولا آباؤكم، فأياكم وإياهم، لايضلونكم ولا يفتنونكم).مسلم (٧٨/١-٧٩).

واته: له ئاخر زەمان دا کەسانێك پەیدا دەبن قۆڵ بڕی درۆزنن قسەیەکتان بۆ دەکەن کە نەئێوەو نەباوکانتان نەتان بیستوە. ئاگاتان لە خۆتان و ئەوان بێت گومڕاتان نەکەن و تووشی ئاشووبەتان نەکەن.

وعن عامر بن عبدة قال: قال عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه): (إن الشيطان ليتمثل في صورة الرجل: فيأتي القوم، فيحدثهم بالحديث من الكذب، فيفترقون فيقول الرجل منهم: سمعت رجلاً لاأعرف وجهه ولا أدري ما إسمه يحدث).مسلم (٧٩/١).

واته: عبدالله ی کوڕی مسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: شەیتان خۆی دەخاتە شێوەی پیاوێکەوەو دەچێتە لای کۆمەڵێك و قسەیەکی درۆیان بۆ دەکات و دوایی بڵاوەی لێ دەکەن. پیاوێك لەوانە دەڵێت: گوێم لە کابرایەك بوو کە نازانم دەم و چاویو نایناسم و ناوی نازانم ئەم قسەیەی ئەووت.

عن عبدالله بن عمرو بن العاص (رضي الله عنهما) قال: ( إن في البحر شياطين مسجونة أوثقها سليمان. يوشك أن تخرج فتقرأ على الناس قرآنا).مسلم (٧٩/١-٨٠).

واته: عبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص(ڕەزای خوایان لێ بێت) فەرمووی: لە دەریادا چەندەها شەیتانی بەندکراو هەن کە سلێمان پێغەمبەر(علیه السلام) بەستونیەتەوە. نزیکە کە دەربچن و قورئان بەسەر خەڵکیدا بخوێننەوە.

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: ( واتە: شتێك بەسەر خەڵکیدا دەخوێنێ کە قورئان نیەو دەڵێت: ئەمە قورئانە بۆ ئەوەی خەڵکی عەوام هەڵبخەڵەتێنیو ئەوانیش هەڵناخەڵەتێن).شرح النووی لمسلم (١/٨٠).

ئەم نیشانەش ئەمڕۆ زۆر بڵاوەو کە هەر هەواڵەو باس دەکرێ و نازانرێ ڕاستە یان درۆ، هەر ئەوترێ ووتیان .... یان ئەڵێن .. یان ئەیان ووت.

## ٤٢- زۆر بوونی شایەتی درۆو شاردنەوەی شایەتی هەق:

**في حديث عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه) قوله(ﷺ): (إن بين يدي الساعة:.... شهادة الزور وكتمان شهادة الحق).** مسند الإمام أحمد (٥/٣٣٣) شرح أحمد شاكر وانه صحيح.

**واتە: لە بەردەم قیامەتدا.... شایەتی درۆو شاردنەوەی شایەتی هەق پەیدا دەبێ.**

**واتە درۆ کردن بەئەنقەست لەشایەتی داندا. لە ابی بکرةوة(رەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: (ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەردا بوین(ﷺ) فەرمووی: (ئایا پێتان بڵێم گەورەی گوناهە گەورەکان چیە؟ (سێ جار دووبارەی کردەوە).. هاوبەش دانان بۆ خوا. وە ئازاردانی دایك و باوك، وە شایەتی درۆ یان قسەی درۆ). وە ڕاکشابوو دانیشت و بەردەوام دووبارەی دەکردەوە تا ووتمان: خۆزگە بێ دەنگ دەبوو).** البخاري (٥/٢٦١) ومسلم (٢/٨١-٨٢).

## ٤٣- زۆر بوونی ئافرەتان و کەم بوونەوەی پیاوان:

**عن أنس (رضي الله عنه) قال: لأحدثنكم حديثا لا يحدثكم أحد بعدي. سمعت رسول الله(ﷺ)يقول: (من أشراط الساعة أن يقل العلم ويظهر الجهل، ويظهر الزنا، وتكثر النساء، ويقل الرجال. حتى يكون لخمسين إمرأة القيم الواحد).** البخاري (١/١٧٨-مع الفتح ) ومسلم (١٦/٢٢١).

**واتە: ئەنەس فەرمووی: فەرموودەیەکتان بۆ باس دەکەم کە کەس دوای من بۆتان باس ناکات، گوێم لێ بوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: لە نیشانەکانی قیامەت: زانست کەم دەبێو نەفامی دەردەکەوێ. زینا دەردەکەوێ و ئافرەت زۆردەبێو پیاوان کەم دەبن. هەتا بۆ پەنجا ئافرەت یەك پیاویان دەبێ بەسەریانەوە بگەڕێت و کاریان بۆ جێ بەجێ بکات.**

ئەڵێن: هۆی ئەم کەمی پیاوە لە بەر زۆربوونی ئاژاوەیە کەپیاو زۆر دەکوژرێ چونکە ئەهلی جەنگ و شەڕن.أنظر:التذكرة (ص٦٣٩) وة شرح النووي لمسلم (٧/٩٦-٩٧) وفتح الباري (١/١٧٩).

ئەم ژمارەیەش کە بریتیەیە لە (پەنجا) ڕاستێتی نیە بەڵکو مەجازیەیەو مەبەست زۆریەیە وەك لە فەرموودەکەی أبی موسى دا هاتووە(ڕەزای خوای لێ بێت): (..ويرى الرجل يتبعه أربعون إمرأة يلذن به).مسلم (٧/٩٦)

واتە: ئەبینی پیاوێك چل ئافرەت شوێنی کەوتوون و لەزەتی لێ دەبینن.

کەواتە: ئەمە مەجازیەیە لە زۆری. بڕوانە: فتح الباري (١/١٧٩)..والله أعلم

وە ئیحتیمالە هۆکەی لەبەر زۆری لەدایك بووی مێیەو کەم لە دایك بوونی نێرەوە بێ...فتح الباري (١/١٧٩).

## ٤٤- زۆر بوونی مردنی لەناکاو:

عن أنس بن مالك(رضي الله عنه) يرفعه الى النبي(ﷺ) قال: (إن من أمارات الساعة:.....أن يظهر موت الفجأة).قال الهيثمي: رواه الطبراني في الصغير والأوسط عن شيخه الهيثم بن خالد المصيصي وهو ضعيف).مجمع الزوائد (٧/٣٢٥) وقال الألباني:حسن. أنظر (ص.ج.ص) (٥/٢١٤) (ح٥٧٧٥).

واتە: لە نیشانەکانی قیامەت:...مردنی لەناکاو دەردەکەوێ..

ئەمەش زۆرەو لەناو خەڵکیدا پێی دەوترێ (السكتة القلبية). ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەیفەرموو:

إغتنم في الفراغ فضل ركوع     فعسى أن يكون موتك بغته

كم صحيح رأيت من غير سقم     ذهبت نفسسه الصحيحة فلته

واتە: لەکاتی بەتاڵیدا چەمینەوەیەك بەفرسەت بزانە، چونکە لەوانەیە مردنت لەناکاو بێت، چەند کەسی لەش ساغم بینی کە نەخۆشیشی نەبوو لە پڕ لەش ساغی لەدەست داو ڕۆیشت و مرد.

إبن حجر دەفەرموێ: لە سەرسوڕهێنەرەکانە کەخۆشی توشی هات. واتە: ئیمامی بوخاری خۆشی ئەم دەردە یان هاوشێوەی ئەمەی توش هات). هدى الساري مقدمة فتح الباري. ص٤٨١.

## ٤٥- ڕوودانی نەناسینەوەی یەکتری لە نێوان خەڵکیدا :

عن حذيفة(رضي الله عنه) قال: (سئل رسول الله(ﷺ) عن الساعة؟ فقال: (علمها عند ربي، لايجليها لوقتها إلا هو، ولكن أخبركم بمشاريطها. وما يكون بين يديها: إن بين يديها فتنة وهرجا، قالوا: يارسول الله الفتنة قد عرفناها، فالهرج ماهو؟ قال: (بلسان الحبشة: القتل، ويلقى بين الناس التناكر. فلا يكاد أحد أن يعرف أحدا). مسند الإمام أحمد(٣٨٩/٥) قال الهيثمي: رواه أحمد ورجاله رجال الصحيح.مجمع الزوائد(٣٠٩/٧).

واتە: پرسیارکرا لە پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەی قیامەت؟ فەرمووی: عیلمی لای خوایە کەس کاتەکەی ئاشکرا ناکات جگە لەو. بەڵام من هەواڵی نیشانەکانیتان دەدەمێو ئەوەی لەبەردەمیدا ڕوو دەدات. لەبەردەم قیامەتدا ئاشووبەو (هەرج) هەیە. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ): ئاشوبەمان زانی ئەی (هەرج) چیـیە؟ فەرمووی: (بەزوبانی حەبەشی واتە: کوشتار. وە هەروەها نەناسینەوە لەنێوان خەڵکیدا ڕوو دەدات، بەجۆرێك کەس کەس ناناسێتەوە.

ئەمیش بەهۆی نەبوونی پەیوەندی برایەتی ئیمانیو زاڵ بوونی بەرژەوەندی دنیاییـیەوەیە بەسەر خەڵکیدا.

## ٤٦- گەڕانەوەی زەوی عەرەبی بۆ سەوزاییو ڕووبار:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجآ وأنهارا).مسلم (٩٧/٧ -مع شرح النووي).

واتە: قیامەت هەڵناسێ تا جارێکی تر زەوی عەرەب بە سەوزایو ڕووبار شین دەبێتەوە.
کەواتە کاتی خۆی زەوی عەرەب شین بووەو دوایی وشکی کردووەو دووبارە شین دەبێتەوە،
مەعاذی کوری جەبەل ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە جەنگی تەبووکدا فەرمووی: (سبەینێ ئێوە إن شاءالله دەچنە سەر چاوگی تەبووك. وەئێوە ناگەنە سەری هەتا ڕۆژ نیوە دەبێ لەچێشت هەنگاودا، جا هەر کەس گەیشتە سەری لە ئێوە هیچ دەست نەدات لە ئاوەکەی هەتا من دێم). ئێمەش چوین و دوو پیاو لە ئێمە پێشتر گەیشتن. وەچاوگەکەش وەکو قەیتان ئاوی کەمی پیا دەڕۆیشت، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێ کردن: (ئایا هیچ دەستان بۆ ئاوەکە برد؟) ووتیان: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) قسەی زۆری پێ وتن و ئەوەی خوا ویستی لێ بوو پیێ وتن. دەفەرموێت: پاشان بە مست کەم کەم لە ئاوەکەیان هەڵگۆست هەتا کردیانە شتێکەوە، دەفەرموێت: پاشان پێغەمبەر(ﷺ) دەست و دەم وچاوی تێدا شۆردو کردیەوە ناوی، ئیتر ئاوەکە بە خوڕ دەهاتە خوارەوە، یان دەفەرموێت: بە لێزمە دەهاتە خوارەوە، هەتا خەڵکەکە لێیان خواردەوەو پاشان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی مەعاذ نزیکە ئەگەر تەمەنت درێژبوو ئەبینی کە ئێرە پڕ بووەتەوە لە ئاوو سەوزایی).مسلم (١٥/٤٠-٤١-مع شرح النووي).

## ٤٧- زۆر بوونی باران و کەم بوونەوەی ڕووەك:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (لاتقوم الساعة حتى تمطر السماء مطراً لاتكنّ منها بيوت المدر. ولا تكنّ منها إلا بيوت الشعر).مسند احمد (٢٩١/١٣) (ح٧٥٥٤) شرح أحمد شاكر وقال: إسناده صحيح. وهو في مجمع الزوائد(٧/ ٣٣١) قال الهيثمي: رواه أحمد ورجاله رجال صحيح.

واته: قیامەت هەڵناسێ تا لەئاسمان بارانیك دەبارێ ماڵی قوڕی گوندو دێ لێ‌ی ناپارێزرێت. وە هیچ ماڵێك لێی پارێزراو نابێت جگە لەماڵێك دروستکرابێت لە موو.

وعن أنس (رضي الله عنه)قال: قال رسول الله(ﷺ): (لاتقوم الساعة حتى يمطر الناس مطرا عاما، ولا تنبت الأرض شيئا).مسند أحمد(١٤٠/٣) ذكره الهيثمي وقال: رواه أحمد والبزار وأبويعلى..ورجال الجميع ثقات.(مجمع الزوائد)(٣٣٠/٧) وقال إبن كثير: إسناده جيد ولم يخرجوه من هذا الوجه(النهاية/الفتن والملاحم)(١٨٠/١) تحقيق:د.طه زيني.

واتە: قیامەت هەڵناسێ تابارانێك لەخەڵکی دەبارێ بەگشتی‌و زەوی هیچ ڕووەکی لێ ناڕوێ.

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (ليست السنة بأن لاتمطروا، ولكن السنة أن تمطروا وتمطروا ولا تنبت الأرض شيئا).مسلم(١٨/ ٣٠-مع شرح النووي).

واتە: سوننەتی خوایی وانی‌یە کە باران نەبارێ بۆتان. بەڵام سوننەت وایە کە باران دەبارێ‌و دەبارێ بۆتان و کەچی زەوی هیچی لێ ناڕوێ.

## ٤٨- دەرکەوتنی شاخێك لە ئاڵتوون لە فوراتدا:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يحسرالفرات عن جبل من ذهب، يقتتل الناس عليه، فيقتل من كل مئة تسعة وتسعون، ويقول كل رجل منهم: لعلي أكون أنا الذي أنجو).البخاري(٧٨/١٣) ومسلم (١٨/١٨).

واتە: قیامەت هەڵناسێ تا فورات شاخێکی ئاڵتون دەردەخاو خەڵکی لەسەری دەیکەنە شەڕ. لە هەموو سەد کەسێك نەوەدو نۆی دەکوژرێ و هەموو یەکێکیان دەڵێت: بەڵکو من بم ئەوەی کە ڕزگاری دەبێ). وەئەم شاخە

ئاڵتونەش مەبەست لە نەوت نیە وەکو (أبو عبية) دەفەرموێت لە تەعلیقیدا لە سەر (النهاية/الفتن والملاحم)ی إبن كثير.. ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە:

١ ) نەصەکە دەفەرموێت: شاخێك لە ئاڵتوون، وەنەوت ئاڵتوون نیە.

٢ ) پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێ: لە ناو ئاوەکەدا دەردەکەوێ و خەڵکی دەیبینێ بەڵام نەوت لە زەوی‌یەوە دەردەهێنرێ بە ئامێر.

٣ ) پێغەمبەر(ﷺ) بەتایبەت باسی فورات دەکات، وە نەوت لە زۆر شوێنی دنیادا دەردەهێنرێت لە دەریاو ووشکانیدا.

٤ ) پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی داوە کە خەڵکی یەکتری دەکوژن لە سەر ئەو ئاڵتوونە، وەئەمەش ناگونجێ لە کاتی دەرهاتنی نەوت دا ڕوو بدات لە فورات و غەیری ئەودا، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا نەهی کردووە لەوەی کە هەرکەسێ ئەوڕۆژە ئامادەی بوو لێی هەڵگرێ:

عن أبى بن كعب (رضي الله عنه) قال: لايزال الناس مختلفة أعناقهم في طلب الدنيا. إني سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (يوشك الفرات أن يحسر عن جبل من ذهب. فمن حضره فلا يأخذ منه شيئاً).مسلم(١٨/١٩-مع شرح النووي).

واتە: ئوبەی کوڕی کەعب فەرمووی: بەردەوام خەڵکی ملیان جیایە لە داواکردن و هەڵپەیاندا بۆ دنیا، من گوێم لە پێغەمبەر بووە (ﷺ)فەرموویەتی: نزیکە فورات ووشك بکات و شاخێك لە ئاڵتوون دەربخات. هەرکەس ئامادەی بوو با هیچی لێ هەڵنەگرێ.

## ٤٩- قسەکردنی دڕندەو بێ گیان لەگەڵ مرۆڤدا:

لە ئەبی هورەیرەوە (ڕەزایی خوای لێ بێت ) فەرموویەتی: گورگێك هات بۆ لای شوانی ڕانێك و مەڕێکی فڕاند، شوانەکەش شوێنی کەوت تا لێی سەندەوە، دەفەرموێت: گورگەکەش چووە سەر بەرزایی‌یەك و لەسەر چۆك دانیشت و کلکی کردە ژێر خۆی و ووتی: خوا ڕۆزییەکی دابوو پێم و چووم بۆی، کەچی

تۆ لێت سەندم. پیاوەکە ووتی: (یاألله)!! سویند بەخوا شتی وەکو ئەمەی ئەمڕۆم نەبینیوە گورگێك قسە بکات!! گورگەکە ووتی: (لەمە سەیرتر پیاوێکە لە دارخورماکانی نێوان (الحرتین)دایە هەواڵی ئەوەی ڕووی داوەو ئەوەی ڕوو ئەدات پێت ئەڵێت).وە ئەم پیاوەش جولەکە بوو هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)و هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاند، پێغەمبەریش(ﷺ) بە ڕاستی داناو پاشان پێی فەرموو: ( إنها أمارة من أمارات بين يدي الساعة. قد أوشك الرجل أن يخرج فلا يرجع حتى تحدثه نعلاه وسوطه ماأحدث أهله بعده).رواه إمام أحمد، مسند أحمد (١٥/٢٠٢-٢٠٣)(ح٨٠٤٩) تحقيق وشرح أحمد شاكر. قال: إسناده صحيح.

واتە: ئەمە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی قیامەت. نزیکە پیاو دەرچێت لەماڵ، وە ناگەڕێتەوە هەتا هەردوو نەعل و قامچیەکەی هەواڵی پێ ئەدەن کە کەس و کارەکەی دوای خۆی چیان کردووە.

وە لە ڕیوایەتێکی تریدا لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە: (....فذكر القصة الى أن قال: قال رسول الله(ﷺ): (صدق والذي نفسي بيده، لاتقوم الساعة حتى يكلم السباع الإنس. ويكلم الرجل عذبة سوطه. وشراك نعله. ويخبره فخذه بما أحدث أهله بعده).مسند أحمد(٣/٨٣-٨٤) وقال الألباني: هذا سند صحيح رجاله ثقات رجال مسلم غير القاسم هذا (أحد رواة الحديث)وهو ثقة إتفاقا. وأخرج له مسلم في المقدمة)...انظر سلسلة الأحاديث الصحيحة(٣١/١) (ح١٢٢)ورواه الترمذي (٤٠٩/٦)وقال: هذا حديث حسن صحيح.

واتە: چیرۆکەکەی گێڕایەوە تا فەرمووی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ڕاستی کرد. سوێند بەو زاتەی نەفسی منی بەدەستە. قیامەت هەڵناسێ تا دڕندە قسە لە گەڵ مرۆڤ دەکەن و پیاو قامچیەکەی قسەی لە گەڵ دەکات و هەروەها شیراکی نەعلەکەی (کە ئەو دەزووەیە دەکەوێتە نێوان پەنجە گەورەو پەنجەی پەنای پێ) وە ئەژنۆی خۆی پێی دەڵێت کە خێزانەکەی دوای خۆی چی کردووە.

## ٥٠- ئاوات خواستنی مردن لەبەر سەختی بەلا:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يمر الرجل بقبر الرجل فيقول: ياليتني مكانه).البخاري(١٣/٨١-٨٢ مع الفتح) ومسلم(١٨/٣٤).

واتە: قیامەت هەڵناسێ هەتا پیاو بەلای گۆڕی پیاوێکی تردا تێپەڕ دەبێت و دەڵێت: خۆزگە من لە شوێنی ئەودا بوومایە.

وە لە ئەبی هورەیرەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بە دەستە. دنیا ناڕوات و تەواو نابێت هەتا پیاو بە لای گۆڕێکدا دەڕواو خۆی بەسەریدا ئەتلێنێتەوەو دەڵێت: خۆزگە من لەجێی خاوەنی ئەم گۆڕە بوومایە، چونکە دین بۆ ئەو غەیری بەلا هیچی تر نیە).مسلم(١٨/٣٤).

ئەمەش لە بەر زۆری ئاشووبەیەو ئەمەش بۆ گشت شوێن و کاتێك نیە بەڵکو تایبەتە بۆ چەند شوێنێك. عەبدوڵڵای کوڕی مسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (زەمانێك دێت بەسەرتاندا ئەگەر یەکێك لەئێوە مردن ببینێ ئەفرۆشرێ ئەوا دەیکڕێ.

وەوەکو ووتراوە:

وهذا العيش مالا خير فيه     ألا موت يباع فأشتريه. (فيض القدير)(٦/٤١٨).

واتە: وەئەم ژیانەش خێری تیا نیە ئەوە مردنێك نیە بفرۆشرێ تا بیکڕم.

بە شێوەیەك زەمانێك دێت بەسەر خەڵکیدا ئاوات بە دەجال دەخوازێ:

عن حذيفة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (يأتي على الناس زمان يتمنون فيه الدجال، قلت: يارسول الله بأبي وأمي مم ذاك؟ قال: مما يلقون من العناء والعناء).رواه الطبراني فى الأوسط والبزار بنحوه ورجالهما ثقات.أنظر مجمع الزوائد(٧/٢٨٤-٢٨٥).

واتە: زەمانێك دێت بەسەر خەڵکیدا ئاوات بە دەججال دەخوازن تیایدا. ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دایك و باوکم بە فیدات بێت، ئەوە لەبەر چیە؟ فەرمووی: لە بەر ئەو هەموو بەڵاو ناڕەحەتیەیە کە تووشیان دەبێ.

## ٥١- زۆربوونی ڕۆم و شەڕکردنیان لەگەڵ موسڵماناندا:

ڕۆم: لە وەچەی (عیص) بن (إسحاق بن إبراهیم)ن (علیهم السلام).

المستورد القرشی لەلای عمرو بن العاصدا (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (لاتقوم الساعة والروم أكثر الناس) فقال له عمرو: أبصر ما تقول: قال: أقول ماسمعت من رسول الله(ﷺ)).مسلم (٢٢/١٨)

واتە: گوێم لە پێغەمبەر(ﷺ) بووە فەرموویەتی: قیامەت دێت لە کاتێك دا ڕۆم زۆرترینی خەڵکیە، عمرو پێی ووت: بزانە چی ئەڵێی. فەرمووی: ئەوە ئەڵێم کە لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستووە.

وە لە فەرموودەی عوف بن مالك الأشجعي دا(ڕەزای خوای لێ بێت) هاتووە کە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (أعدد ستا بين يدي الساعة:.....(فذكر منها)..ثم هدنة تكون بينكم وبين بني الأصفر. فيغدرون، فيأتونكم تحت ثمانين غاية تحت كل غاية، إثنا عشر ألفا).البخاري(٦/٢٧٧-مع الفتح).

واتە: پاشان هودنەیەك ڕوودەدات لەنێوان ئێوەو نەوەی (الأصفر) واتە ڕۆم. کە غەدر دەکەن لێی و دێن بۆتان لە ژێر (٨) ئاڵادا. لە ژێر هەر یەکێکیاندا (١٢) هەزاری لەگەڵە.

وە لە جابری کوڕی سمرەوە لە نافعی کوڕی عوتبەوە فەرموویەتی: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەردا بوین(ﷺ)..چوار ووشەم لە بەرکرد کە بە دەستم ژماردم، فەرمووی: (شەڕ لەگەڵ نیوە دوورگەی عەرەبی دەکەن و خوا فەتحی دەکات بۆتان، پاشان شەڕ لەگەڵ فارس دەکەن و خوا فەتحی دەکات. پاشان شەڕ لەگەڵ ڕۆم دەکەن و خوا فەتحی دەکات. پاشان شەڕ لەگەڵ دەججال دەکەن و

خـوا فـەتحی دەکـات). ئەفـەرمویٚ: نـافع فـەرمووی: (ئـەی جـابر! نـابینین کـە دەججال دەرکەویٚ تا ڕۆم فەتح دەکریٚ).مسلم(٢٦/١٨)

وە وەسـفی شـەڕەکەش هـاتووە لـە فەرموودەیەکدا لـە یـسیری کـوڕی جابرەوە دەفەرمویٚت: (بایەکی سوور هەڵی کرد لە کوفە....وە پیاویٚك هات بە بیٚ ئیش جگە لەوەی ئەی ووت: ئەی عبـدالله بن مـسعود! قیامـەت هەڵسا....فـەرمووی: (عبدالله ی کوڕی مسعود) ڕاکشابوو، دانیشت و فـەرمووی: قیامـەت هەڵناسیٚ هـەتا میرات بـەش ناکریٚـت وە دڵ خـۆش نـابن بـەتاڵانی جـەنگ.. وە بەدەستی ڕووی کردە (شام) و فەرمووی: دوژمنیٚك بۆ ئەهلی ئیسلام کۆدەبنەوەو ئەهلی ئیسلام بۆیان کۆدەبیٚتەوە، ووتم: مەبەستت ڕۆمە؟ فـەرمووی: بـەڵیٚ، وە تیایـدا شەڕو کوشتاریٚکی سەخت ڕوو ئەدات. بۆیە موسڵمانان پەیمان و مەرج دەگرن بۆ مردن کە بە براوەیی نەبیٚت نەگەڕیٚنەوە. شـەڕدەکەن هـەتا شـەو دادیٚ. بۆیـە هـەردوولا شـەڕ ڕادەگـرن بـە بـیٚ براوەیـی. وە ئـەم کۆمەڵـەش نامیٚنـیٚ؟ پاشـان موسـڵمانان پـەیمان دەدەن بـۆ مـردن کـە بـە براوەیـی نـەبیٚت نەگەڕیٚنـەوە. شەڕدەکەن هەتا شەو دادیٚ. بۆیە هەردوولا شەڕ ڕادەگرن بە بیٚ براوەیـی، ئـەم کۆمەڵەش نامیٚنیٚ. پاشان موسڵمانان پەیمان دەبەستنەوە لەسەر مـردن کـە بـە براوەیی نەبیٚت نەگەڕیٚنەوە. شەڕدەکەن هەتا شـەو دادیٚ. بۆیـە هـەردوولا شـەڕ ڕادەگـرن بـە بـیٚ براوەیـی. وە ئـەم کۆمەڵـەش نامیٚنـیٚ. وە لـە ڕۆژی چـوارەمدا پاشماوەکـەی ئـەهلی ئیـسلام بۆیـان ڕادەپـەڕیٚن و خـوای گـەورە دووژمنیـان دەدۆڕیٚنـیٚو کوشـتاریٚك دەقـەومیٚ، یـان فـەرمووی شـتی وانـابینریٚ یـان فەرمووی: شتیٚوا نەبینراوە، هـەتا باڵندە دەربازی نابیٚو ئەکەویٚتـە خـوارەوە پـیٚش ئـەوەی لیٚیـان ڕەت بـیٚ. وە ئـەوەی کـە سـەد کوڕبـوون لـە یـەك کـەس زیاتریـان نامیٚنیٚتـەوە، ئیتر بـە چـی غەنیمـەتیٚك دڵخۆش بن و چـی میراتیـەك بەش بکەن؟ کاتیٚك ئەمان لەم حاڵەتەدان. گویٚیان لـە ناخۆشیەك لەمە خـراپترو گـەورەتر ئـەبیٚت. یـەکیٚك هـاوار دەکـات و دەڵیٚـت: (دەججـال لـە نـاو کـەس

وكارتانـدا پەیـدابووەو دەرکـەوتووە) ئـەوەی لـە دەسـتیاندایە فـڕێی دەدەن و پشت هەڵ دەکـەن و (١٠) دە سـوار چاك دەنێـرن. پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمویـەتی: (مـن ناویـان ئـەزانم و نـاوی باوکیـان دەزانم و ڕەنگـی ئەسپەکانیـشیان دەزانم چۆنە. کە چـاکترین سوارچـاکن لـە سـەر زەوی‌دا لـەو ڕۆژەدا. یـان لـە چاکترین سوارن لە سەر زەوی‌دا لەو ڕۆژەدا). مسلم (٢٤/١٨)

وە ئەم کوشتارەش لـە (شـام) ڕوو ئـەدات پـێش هـاتنی دەجـجال و موسـڵمانان سەردەکەون بەسەر ڕۆمداو خۆیان بۆ فەتحی قوسطةنطينية ئامادەدەکەن:

لە ئەبو هـورەیرەوە(ڕەزای خـوای لێ بێـت) پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: (قیامـەت نایـەت هـەتا ڕۆم لـە (اعمـاق) (کـە نزیـك (دابق)ە لـە نێـوان (حەلـەب)و (أنطاکیة)دایە لە شام) یان (دابق) کە دێ یەکە لەنزیك (حەلـەب) دائەبـەزن و سـوپایەك لـە مەدینـەوە بۆیـان دەردەچـێ لـە چـاکترینی خـەڵکی زەویـن لـەو کاتەدا. کاتێك دەگەن بە یەك، ڕۆمەکان دەڵێن: وازمـان لێ بهێـنن بـا ئەوانـەی لـە خۆمـانن و گرتووتـانن لـە لای ئێـوەن شـەڕیان لـە گـەڵ بکـەین، موسـڵمانانیش دەڵێن: نەخێر سوێند بە خوا واز لە ئێوەو براکانمـان نـاهێنین شـەڕیان لـە گـەڵ بکـەن. سـێ‌یەکی سـوپاکە دادەبـەزن و هەڵـدێن کـە هـەرگیز خـوا لێ‌یـان خـۆش نابێ، وە سێ‌یەکی تریان شەڕدەکەن و دەکوژرێن کە چاکترین شـەهیدن لـە لای خـوا. وە سـێ‌یەکی تریـان سـەردەکەون و هـەرگیز دوای ئەمـە توشـی ئاشـووبە نایەن و فەتحی قوسطةنطينية دەکەن. لە کاتێکدا غەنیمەتـەکان بـەش دەکـەن. کـە شمـشێرەکانیان هەڵواسـیووە بـە زەیتونەکانـدا. شـەیتان هـاوار دەکـات تیایانـدا: کـەوا مەسـیحی دەجـجال لـەناو کـەس و کاریانـدا دەرکـەوتوە. بۆیـە دەردەچن. وە ئەمەش درۆیە. وە کاتـێ دێنـە شـام ئەوسـا دەجـجال دەردەچـێ. کاتێ ئەوان بۆ شەڕ خۆیان ئامادە دەکەن و ڕیزەکانیان ڕێك دەخـەن. وە کاتـێ قامەت دەکرێ بۆ نوێژ عیسای کوڕی مریەم دادەبـەزێ(علیـه السلام). مسلم ١٨/ ٢١-٢٢.

وه له أبي الدرداءوه (ڕەزای خوای لێ بێت) کەوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (مۆڵگەو شاری موسڵمانان ڕۆژی شەڕەکه لە زەوی (غوطة) دایە لە شارێك پێی دەوترێت دیمەشق. کە لە چاکترینی شارەکانی شامە).سنن أبي داود (٤٠٦/١١مع عون المعبود) والحديث صحيح. أنظر: صحيح الجامع الصغير٢/ ٢١٨(ح ٢١١٢).

## ٥٢- فەتح کردنی القسطنطينية:

کە شارێکی (روم)ەو ئێستا ناسراوه بە(اسطنبول) یان (استنبول) لە شارەکانی تورکیایەو زوو پێی دەوترا(بيزنطة)، پاشان پاشای قسطنطینی گەورەی ڕۆم دیوارێکی گەورەی بە چواردەوردا کردو ناوی نا(قسطنطنية)و کردی بەپایتەختی مەلیکایەتی. لە ڕۆژهەڵات و باکوریەوە دەریایەو لە ڕۆژ ئاواو باشوریەوە لە وشکانیدایە./معجم البلدان ٣٤٧/٤-٣٤٨.

ئەمیش دوای فەتحی ڕۆمە پێش هاتنی دەججال کە موسڵمانان لە شەڕە گەورەکەی ڕۆمدا سەرکەوتن دوایی بەرەو قسطنطنيةو فەتح کردنی دەچن ئەویش بێ شەڕو جەنگ و تەنها بە تەکبیرو تەهلیلە دەیگرن.

لە ئەبی هورەیەوە(ڕەزای خوای لێ بێ)کەوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (شارێکتان بیستوە کە لایەکی لە وشکانیو لایەکی لە دەریادایە؟ ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: قیامەت نایەت هەتا حەفتا هەزار لە نەوەی إسحاق ئەجەنگن لە گەڵیاندا، کاتێك شەڕ دەکەن و دائەبەزن بە چەك شەڕ ناکەن و تیریش ناهاوێژن. تەنها ئەڵێن: لاإلە إلاالله والله أکبر. لایەکی ئەکەوێ. – (ثور) کەیەکێکە لە ڕاویانی فەرموودەکە دەفەرموێت: نازانم ئیلا فەرموی: ئەو لایەی کە لە دەریادایە ئەکەوێ– پاشان دووبارە ئەڵێن: لاإلە إلاالله والله أکبر، لایەکەی تری ئەکەوێو ئەشکێ، پاشان دەڵێن: لاإلە إلا الله والله أکبر و دەرگا دەکرێتەوەو دەچنە ژوورەوەو بە غەنیمەت دەیگرن دەکەن.

لەو کاتەدا کە غەنیمەتەکە بەش دەکەن یەکێك هاوار دەکات و دەڵێ: (دەجال دەرچوو). ئەوانیش هەموو شتێك جێ دێڵن و دەگەڕێنەوە).مسلم١٨/ ٤٣-٤٤.

وە ئەم (بنی إسحاق)ەش کە قسطنطنیة دەگرێ بەشێکی لەوڕۆمانانەن کە ئیمانیان هێناوە پاش فەتح کردنی روّم. چونکە ڕۆم لە نەوەی (عیص ی کوڕی إسحاقی کوڕی إبراهیمی خەلیلن (علیهما السلام) ئەمەش رەئی إبن کثیرەو بەڵگەشی ئەوەیە کە مەدحیان کراوە لە فەرموودەی المستود القرشيدا کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەرم بیستوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: ( قیامەت هەڵدەستێت کاتێ ڕۆم زۆرترینی خەڵکە) عمرو بن العاص فەرمووی: بزانە چی دەڵێیت. فەرمووی: ئەوە دەڵێم کە لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستووە). فەرمووی: ئەگەر ئەوەت ووتبێ ئەوە چوار سیفەتی چاکیان تێدایە: (ئەوان بەحیلم ترینی خەڵکن لە کاتی ئاشوبەدا، وە زوو هۆشیار دەبنەوە لە دوای موسیبەت. وە زووتر لە خەڵکی دەگەڕێنەوە سەر(جەنگ) دوای کۆڵدانیان لێی..وە چاکن بەرامبەر هەژارو هەتیوو لاواز.. پێنجەمیشیان زۆر جوانە کە لە هەموو کەس زیاتر بەرهەڵستی ستەمی پادشا دەکەن).مسلم ١٨/٢٢.

## ٥٣- دەرچوونی القحطانی:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يخرج الرجل من قحطان يسوق الناس بعصاه).مسند أحمد ١٠٣/١٨(ح٩٣٩٥) والبخاري ٧٦/١٣مع الفتح . ومسلم ٣٦/١٨ مع شرح النووي).

واتە: قیامەت هەڵناسێ تاپیاوێك لە قەحطان دەردەکەوێو خەڵکی بەگۆچانەکەی ڕاپێچ دەکات و پێش خۆی ئەدات.

قورطبي دەفەرموێت: مەبەست لە (یسوق الناس بعصاه) کینایەتە بۆ گوێڕایەڵی خەڵکی بۆیو بەنموونە باسی گۆچانی هێناوەو دیارە لە باسی ئەمەشدا بەڵگەیە لە سەر ڕەقیو توندی بەرامبەریان).التذکرة ص ٦٣٥.

وە ئـەم ڕەقیـو توندیەشـی تـەنها بەرامبـەر بەتاوانبارانـە. چـونکە خـۆی پیـاوێکی صـاڵحەو حـوکم بـە دادپـەروەری دەکـات. بەڵگـەش ئەوەیـە کـە (إبـن حجـر) نـەقڵی کـردوە لـە: نعـیم بـن حمـاد کـەوا لـە ڕوویـەکی بـەهێزەوە گێڕاویەتیـەوە لـە عبـدالله بـن عمـرو کـەوا باسـی خەلیفـەکانی کـردوە پاشـان فەرموویەتی: ( وە پیاوێکیش لە قحطان).

هەروەها: ما أخرجه بسند جيد عن إبن عباس أنه قال فيه: (ورجل من قحطان كلهم صالح).فتح الباري ٦/ ٥٣٥.

وە کاتێك عبدالله بن عمرو بن العاص باسی ئەو خیلافەتەی کرد کە پاشایەکی قحطان دەبێ. معاویە تووڕە بوو هەڵساو ستایشی خوای کرد کە سایشتەی خوا بێت و پاشان فەرمووی:

اما بعد....پێم گەیوە کە پیاوانێك لە ئێوە هەن قسەیەك دەکەن لە قورئانـدا نیـەو لـە پێغەمبـەرەوە(ﷺ)نـەهاتوە. ئـەوان نـەفامانتانن. دەخیلتـان بم و ئـەو ئاواتـەی کـە خاوەنەکـەی گومڕادەکـات نەیکـەن، چـونکە مـن بیـستوومە لـە پێغەمبەر(ﷺ) کە فەرموویـەتی: (إن هذا الأمر في قريش لايعاديهم أحد إلا كبه الله على وجه، ما أقامو الدين).البخاري(٦/٥٣٢-٥٣٣).

واتـە: ئـەم کـارو بەڕێوەبردنـە دەبـێ لـەناو قوڕەیـشدا بێـت و کـەس نیـە کـە دژایەتیان بکات ئیلا خوا بەدەم دا ئەیدات بە زەوی دا..بە مـەرجێ هـەتا ئـەوان دین بچەسپێنن.

وەئەوەی کە موعاویـە ئینکاری کـرد بوونی خیلافەتەکـەی بوو نـەکو خـەڵك وا گومـان ببـات کـە لـە غـەیری قوڕەیـشدا جـائیزە.. لـە گـەڵ ئـەوەی ئینکـاری دەرچوونی قەحطانی نەکرد لە ووتارەکەیداو فەرمووی: (ما أقاموا الدين). خۆ ئەگەر دینیان نەچەسپاند ئەوا دەچێتە دەست کەسێکی تر، وەکو ڕوویـدا(فتح الباري(١٣/١١٥).

وه(القحطاني) ئه‌و(الجهجاه)ة نىيه كه له ئاخر زه‌ماندا ده‌رده‌كه‌وێ. چونكه (القحطاني) له مرۆڤه سه‌ربه‌سته ئازاده‌كانه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ى نه‌سه‌بى بۆ (قحطان) ده‌گه‌ڕێته‌وه كه نه‌سه‌بى ئه‌هلى يه‌مه‌ن له (حمر)و (كنده)و (هه‌مه‌دان) و غه‌يرى ئه‌مان بۆى ده‌گه‌ڕێته‌وه.(فتح الباري٦/٥٤٥ و ١٣/٧٨).

به‌ڵام الجهجاه كۆيله‌يه. به‌ڵگه‌ش:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (لايذهب الليل والنهار حتى يملك رجل من الموالي، يقال له: جهجاه). مسند أحمد(١٥٦/١٦) (ح٨٣٤٦) شرح وتعليق أحمد شاكر. وقال: إسناده صحيح، والحديث في صحيح مسلم(٣٦/١٨) بدون لفظ:(من الموالي).

واته: شه‌وو ڕۆژ ناڕوات و كۆتايى نايه‌ت هه‌تا يه‌كێك له كۆيله‌كان موڵك ده‌گرێته ده‌ست پێ ى ده‌ڵێن: (جه‌هجاه).

## ٥٤- شه‌ڕكردن له‌گه‌ڵ جوله‌كه( اليهود )دا :

ئه‌مه شه‌ڕكردنى موسڵمانانه له‌گه‌ڵ ئه‌و يه‌هودانه‌ى كه له سه‌ربازه‌كانى ده‌جالن و سه‌ربازه‌كانى عيسى(عليه السلام) له‌گه‌ڵ به‌جه‌نگ دێن. هه‌تا دارو به‌رد هاوار ده‌كه‌ن: ئه‌ى موسڵمانان ئه‌ى به‌نده‌ى خوا ئه‌مه جوله‌كه‌يه وه‌ره بيكوژه. له زه‌مه‌نى پێغه‌مبه‌ردا(ﷺ) موسڵمانان شه‌ڕيان له‌گه‌ڵ كردن و به سه‌رياندا سه‌ركه‌وتن و له‌نيوه دوورگه‌ى عه‌ره‌بى‌دا ده‌ريان كردن، وه‌ك پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌فه‌رموێت: (لأخرجن اليهود والنصارى من جزيرة العرب. حتى لا أدع إلا مسلما).مسلم(٩٢/١٢).

واته: جوله‌كه‌و گاوره‌كان له نيوه دوورگه‌ى عه‌ره‌بى ده‌رده‌كه‌م. هه‌تا موسڵمان نه‌بێ نايهێڵمه‌وه.

به‌ڵام ئه‌مه ئه‌و جه‌نگه نىيه كه له نيشانه‌كانى قيامه‌ته، چونكه ئه‌مه‌يان له‌كاتى ده‌رچوونى ده‌جال و دابه‌زينى عيسادايه(عليه السلام).

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن رسول الله(ﷺ) قال: (لاتقوم الساعة حتى يقاتل المسلمون اليهود، فيقتلهم المسلمون. حتى يختبيء اليهودي من وراء الحجر والشجر. فيقول الحجر أو الشجر: يامسلم! ياعبدالله! هذا يهودي خلفي، فتعال فاقتلهّ. إلا الغرقد فإنه من شجر اليهود). البخاري (٦/١٠٣-مع الفتح) ومسلم(١٨/٤٤٤-٤٤٥) وهذا لفظ المسلم.

واته: قيامەت هەڵناسێ تا موسڵمانان شەڕ لەگەڵ جولەکە دەکەن و هەتا جولەکە لە پشت بەرد یان دارێکەوە خۆی حەشاردەدات و بەردەکە یان دارەکە دەڵێت: ئەی موسڵمان! ئەی بەندەی خوا! ئەمە جولەکەیەکە لە پشت منەوە وەرە بیکوژە. جگە لە داری (الغرقد) چونکە ئەمە لە داری جولەکەیە.

ئیمامی النووي دەفەرموێ: (الغرقد) جۆرە دارێکی دڕکاوییە، ناسراوە لە ولاتی بیت المقدس و هەر لەوێ شەڕی کوژرانی دەججال و جولەکە ڕوودەدات).شرح مسلم(١٨/٤٥).

وەقسەکردنی دارو بەردەکەش حەقیقیە وەکو إبن حەجەر دەفەرموێ. أنظر: فتح الباري (٦/٦١٠).

## ٥٥- پاك بوونەوەی (مەدینە) لە خراپەکاران و کاول بوونی لە ئاخر زەماندا:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی داوە کە هەرکەسێ لە مەدینە دەرچێ خوای گەورە لەو باشتر دەخاتەوە جێی. وە لە نیشانەکانی قیامەتە کە لە خراپەکاران پاك دەبێتەوە هەر وەکو چۆن کوورەی ئاسنگەرو موشەدەمە ئاسن لە ژەنگ و پیسی پاك دەکاتەوە.

لە أبی هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (زەمانێك دێت بەسەر خەڵکیدا پیاو ئامۆزاو نزیکەکانی بانگ دەکات: وەرن بۆ خۆشی، وەرن بۆ خۆشی. وە مەدینەش بۆ ئەوان چاکترە ئەگەر بیانزانیایە. سوێند بەو خوایەی

نەفسی منی بەدەستە هیچ کەسێك بە ئارەزوو لە مەدینە ناچێتە دەرەوە، ئیلا خوای گەورە لەو باشتر دەخاتەوە جێی. وە مەدینەش وەکو موشەدەمە وایە پیسی دەردەکاتە دەرەوە، قیامەت نایەت هەتا مەدینە خراپەکاران دەردەکات هەروەکو چۆن کوورەی ئاسنگەر پیسی لە ئاسن دەردەکات). مسلم(١٥٣/٩).

وە إبن حەجەر دەفەرموێت: ئەمەش ئیحتیمالە لە هەردوو زەمانی(پێغەمبەر(ﷺ) و سەردەمی (دەججال)یشدا بێت، بەڵام لەو بەینەدا نەخێر.. چونکە زۆرێك لە هاوەڵان لە دوای پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە دەرچوون وەك: (معاذ بن جبل- أبي عبيدة- إبن مسعود) و تایەفەیەك.. پاشان (علیو طلحە و زوبێرو عمارو غەیری ئەمانەش). فتح الباري(٨٨/٤)

بەڵام دەچوونی خەڵك بەگشتی لە مەدینە ئەوە لە ئاخر زەمان دایە لە نزیك قیامەت:

لە أبی هورەیرەوە فەرموویەتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (مەدینە بەجێ دێڵن لە سەر چاکترین حاڵێك کە هەیەتی. هیچی تێدا نامێنێت جگە لە دڕندە- دڕندەی چنگدارو باڵندە- وە ئەخیر کەس کە حەشر دەکرێ دوو شوانی مەدینەن ئەیانەوێت بچنە مەدینەوە، مەڕەکان پێش خۆیان ئەدەن دەبینن چۆڵە، کاتێ دەگەنە (ثنية الوداع) بە سەر دەموچاودا دەکەون).البخاري(٨٩/٥-٩٠- مع الفتح)

وە لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (مەدینە لە سەر چاکترینی شێوە جێ دێڵن. هەتا سەگ یان گورگ دەچێتە ناویو میز دەکات بەسەر پایەکانی مزگەوت یان بەسەر مینبەردا. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، بەرووبووم لەو زەمانەدا بۆ کێیە؟ فەرمووی: بۆ باڵندەو دڕندەیە).الموطأ(٨٨٨/٢)للإمام مالك. قال إبن حجر: رواه جماعة من الثقات خارج الموطأ(فتح الباري)(٩٠/٤).

إبن كثير دەفەرموێ: مەبەست ئەوەیە کە مەدینە بە ئاوەدانی دەمێنێتەوە لە ڕۆژانی هاتنی دەججالدا پاشان لە زەمانی عیساشدا(علیه السلام) هەتا لەوێ وەفات دەکات و دەنێژرێ.. پاشان دوای ئەمە وێران دەبێ).النهایە/الفتن والملاحم(١/١٥٨).

ئەمەش لە دوای هاتنی عیساو دەججالدایە. ئیحتیمالە لەکاتی دەرکەوتنی ئاگرەکەوەبێ کە خەڵکی ڕاودەنێ، چونکە لە دوایەوە قیامەتە وەکو فەرموودەکەی پێشوو کە باسی شوانەکەی کرد...والله أعلم.

## ٥٦- هاتنی بایەکی بۆن خۆش بۆ کێشانی گیانی بڕواداران:

وە لەسەر زەویدا کەسێك نامێنێ بڵێ: الله، الله. وە خراپەکاران نەبێ کەس نامێنێو لەسەر ئەوان قیامەت هەڵدەستێ. لە سیفەتی ئەم بایەدا هاتووە کە: لە ئاوریشم نەرمترە ئەمەش لە بەزەی خوای گەورەوەیە بۆ بەندە چاکەکانی لەو زەمانە پڕ لە ئاشوبەو خراپەدا. وە لە فەرموودە درێژەکەی (نواس بن سمعان)دا هاتووە لە باسی دەججال و دابەزینی عیساو هاتنی یأجوج ومأجوج: (کە خوای گەورە بایەکی بۆن خۆش دەنێرێو دەیدات لە بن باڵیان و ڕۆحی هەموو بڕوادارو موسڵمانێك دەکێشێو خراپەکاران دەمێننەوە وەکو چوار پێو گوێ درێژ ڕادەبوێرن، لە سەر ئەوان قیامەت هەڵدەستێ). مسلم(١٨/٧٠).

وەلە عبدالله ی کوڕی عمرو(ڕەزای خوایان لێ بێت)فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (دەججال دەردەچێ....(فەرموودەکەی باس کرد:..وەتیایدا هاتووە کە:).. وە خوای گەورە عیسای کوڕی مەریەم دەنێرێ کە لە (عوروەی کوری مەسعود) دەچێو دەججال لەناو دەبات. پاشان خەڵکی حەوت ساڵ دەمێننەوە، کە لە بەینی هیچ دوو کەسێکدا دوژمنایەتی نیە. پاشان خوای گەورە بایەکی سارد لەلای شامەوە دەنێرێ. کە هیچ کەسێك لە

سەر زەویدا نامێنێ مسقاڵە زەڕەیەك لە خێر یان ئیمانی تێدا بێ ئیلا ڕۆحی ئەکێشرێ. هەتا ئەگەر یەکێ لە ئێوە بچێتە ناو وورگی شاخەوە دەچێتە ژوورەوە بۆی هەتا ڕۆحی ئەکێشێ).مسلم (١٨/٧٥-٧٦-مع شرح النووی).

ئەمەش لەدوایی هاتنی عیساو کوژرانی دەججال و لەناوچوونی یأجوج و مأجوجەوەیە. هەروەها هاتنی ئەم نیشانەیە دوای هەڵهاتنی ڕۆژە لە خۆرئاواوەو دوای دەرکەوتنی(دابە)کەو دوای هەموو نیشانە گەورەکانە. (فیض القدیر٦/٤١٧)

وەئەمەش دژواریی نیە لەگەڵ ئەو فەرموودەیەدا کە دەفەموێ: ( لاتزال طائفة من أمتي يقاتلون على الحق ظاهرين الى يوم القيامة). مسلم(٢/١٩٣). وفي رواية: (...ظاهرين على الحق لايضرهم من خذلهم، حتى يأتي أمرالله وهم كذلك). مسلم(١٣/٦٥).

واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم دەجەنگن لە سەر حەقن، دوژمنایەتیو پشت بەردانیان زیانیان پێ ناگەیەنێ تا فەرمانی خوا دێت ئەمان ئاوا دەمێننەوە.

چونکە (أمرالله) واتە: تا فەرمانی خوا دێت...لەم فەرموودەیەدا هاتنی ئەو بایەیە...بڕوانە شرح النووي لمسلم(٢/١٣٢) وفتح الباري(١٣/١٩،٨٥).

وە ئەم بایە وەکو هاتووە لە فەرموودەدا لە شامەوە دێت، لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە ئەبی هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت ) فەرموویەتی: (خوا بایەك لە یەمەنەوە دەنێرێ لە ئاوریشم نەرمترە، هیچ کەسێك نایەڵێ کە مسقاڵە زەڕەیەك لە ئیمانی لە دڵدا بێت ئیلا ڕۆحی دەکێشێ). مسلم (٢/١٣٢)

واتای ئەمەش بریتیيە لەوەی:

١ ) ئیحتیمالە دوو (با) بێ: شامیو یەمەنی.

٢ ) وه ئیحتیماله له یەکێکیانەوە دەست پێ بکات و بگاتە ئەوی تریان و لەوێوە بڵاوبیتەوە. والله أعلم. بڕوانە:شرح النووي لمسلم(١٣٢/٢) وأشراط الساعة وأسرارها(ص٨٨-٨٩) شیَخ محمد سلامة جبر.

## ٥٧- حەڵاڵ كردنی (البیت الحرام)و ڕوخانی كەعبە:

كەس نییە (البیت الحرام) حەڵاڵ بكات جگە لە ئەهلەكەی، وە ئەهلەكەشی موسڵمانەكانن.(فتح الباري) (٤٦٢/٣)

وە ئەگەر حەڵاڵیان كرد ئەوا تووشی هیلاكەت دەبن. پاشان پیاوێك لە خەڵكی حەبەشە دەردەچێت كە پێی دەوترێت (ذوالسویقتین) واتە: خاوەن دوو قاچە باریكەكە. دێت و كەعبە دەڕوخێنێو بەرد بەرد لای دەباو هەڵی دەداتە خوارەوە. ئەو پەردەیەی پێوەیەتی لێی دەكاتەوەو پۆشاكەكەی دادەڕنێ، ئەمەش لە ئاخر زەمان دایە. كاتێ كە لەسەر زەویدا كەسێك نییە بڵێ: (الله، الله). بۆیە دوای ڕوخانی كەعبە هەرگیز چاك ناكرێتەوە، هەروەك لە فەرموودەی صحیح دا هاتوە:

عن سعید بن سمعان قال: سمعت أبي هریرة(رضي الله عنه) یخبر أبا قتادة أن رسول الله(ﷺ) قال: (یبایع لرجل مابین الركن والمقام. ولن یستحل البیت إلا أهله، فاذا استحلوه فلا یسأل عن هلكة العرب.. ثم تأتي الحبشة، فیخربونه خراباً لایعمر بعده أبدا.. وهم الذین یستخرجون كنزه). مسند الإمام أحمد(٣٥/١٥) شرح وتعلیق أحمد شاكر وقال: إسناده صحیح. وقال إبن كثیر: هذا إسناد جید قوي..وقال الألباني: هذا إسناد صحیح رجال ثقات رجال الصحیحین غیر سعید بن سمعان وهو ثقة. أنظر سلسلة الصحیحة(١٢٠/٢) (ح٥٧٩).

واتە: لە نێوان گۆشەو مەقام دا بەیعەت دەدرێت بە پیاوێك. وە (بیت) حەڵاڵ ناكرێ مەگەر لە لایەن خەڵكەكەیەوە جا هەركات حەڵاڵیان كرد ئەوە مەپرسە لە تیاچوونی عەرەب. پاشان حەبەشییەكان دێن و كاولی دەكەن كە دوای ئەمە هەرگیز ئاوەدان ناكرێتەوە. وە ئەمانەن كە زێڕەكەی دەردەهێنن.

عن عبدالله بن عمر قال: سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (يخرب الكعبة ذو السويقتين من الحبشة ويسلبها حليتها، ويجردها من كسوتها، ولكأني أنظر إليه: أصليع..إفيدع..يضرب عليها بمسحاته ومعوله). مسند أحمد(١٢/١٤-١٥)(ح٧٠٥٣) شرح وتعليق أحمد شاكر وقال: إسناده صحيح.

واته: کەعبە دەڕوخێنرێ لەلایەن خاوەن دوو قاچە باریکەکەوە کە حەبەشیەو ڕازێنراوەکەی لادەباو پۆشاکەکەی دەڕنیو فڕێی دەدات، وەك ئەوە وایە ببینم: کە سەری ئەسلّاحە واتە (توکی ناوەڕاست و پێشی سەری هەڵوەریوە) وە جومگەی قاچی لەگەڵ پێی دا ترازاوە..بە پاچ و خاکەنازەکەی پێیدا دەکێشێ.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (أسود.. أ فجع).مسند الإمام أحمد (٣/٣١٥-٣١٦) (ح٢٠١٠) والبخاري (٣/٤٦٠).

واتە: ڕەش پێستەو لە ڕۆیشتنیدا موتەکەبیرەو پەنجەی هەردوو پێی نزیك لە یەکە و پاژنەکانی بڵاو دائەنێ.

ئەگەر بوترێت: ئەم فەرموودانە بەپێچەوانەی فەرموودەی خواوەن کە دەفەرموێت: ﴿ أولم يروا أنا جعلنا حرما آمنا..﴾ العنكبوت /٦٧.. وە خوا لە فیلەکانی ئەبرەهە مەککەی پاراست و نەیان توانی بیڕوخێنێت لە کاتێکدا ئەو کاتە قیبلەش نەبوو، ئەی چۆن ئەو کاتە دێت کە حەبەشیەك دەتوانێ بیڕوخێنێت؟ لە وەڵامدا ووتراوە: کە ئەمە لە ئاخر زەماندا ڕوو دەدات لە کاتێکدا کەسێك نەماوە بڵێ (الله الله)، وە کەعبەش ئەمینەو حەرامە هەتا ئەو کاتەی خەڵکەکەی حەڵاڵی دەکەن، پاشان لەو ئایەتەدا ئیشارەتی تێدا نییە بۆ بەردەوامیەتی ئەمینییەکەی. وە هەروەها چەند جارێك شەڕ لە مەککەدا ڕووی داوە لە هەمووی گەورەتر ئەوەی لە(القرمطة)کان وەشایەوە کە تایەفەیەکن لە (باطنیةکان)و ناویان ئەگەڕێتەوە بۆ پیاوێك بەناوی (حمدان قرمط) لە ئەهلی کوفە. وە ئەم تایەفە پیسە لە مێژووی درێژیدا کاری زۆر

**پیسیان ئەنجام داوە. کە لەسەدەی (٤)ی کۆچیدا لە ساڵی (٣١٧)ی کۆچی هێرشیان کردە سەر حاجی یەکان لە ڕۆژی (الترویة)داو ماڵ وخوێنیان حەڵاڵ کردن ولە ناو مەککەو چواردەوری داو لە مزگەوتی حەرامداو لە بەردەم کەعبەدا زۆر حاجی یان کوشت.**

**وە گومەزی (زمزم) یان ڕووخاندو دەرگای کەعبەیان دەرهێناو پۆشاکەکەیان لێ داماڵی و بەردە ڕەشەکەیان (الحجر الأسود) دەرهێناو بردیان بۆ وڵاتەکەیان و(٢٢)ساڵ لایان مایەوە..** أنظر(فضائح الباطنیة)للغزالي ص١٢-١٣ والبدایة والنهایة(١١/١٦٠-١٦١).

**وە دوایی گەڕاندیانەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئایەتەکە نەبوو چونکە ئەمە بەدەستی بەناو موسڵمانان ڕوی داو ئەمەش مطابقی فەرموودەی پێغەمبەرە(ﷺ) کەوا خەڵکەکەی حەڵاڵی دەکەن. وە هەروەها ئەمە ڕوو ئەدات لە ئاخر زەماندا بەڵام جارێکی تر دروست ناکرێتەوە.. لەو کاتەدا کە لە سەر زەوی دا موسڵمانێك نەماوە).** أنظر: فتح الباري (٣/٤٦١-٤٦٢)

**نیشانە بچوکەکان تەواوبوو ولله الحمد والمنة**

**چاوەڕوانی زنجیرەی دووەم (نیشانە گەورەکانی ڕۆژی دوایی) بن بە پشتیوانی خوای گەورە.**